پوختەی توێژینەوەکانی دووەمین کۆنفرانسی زانستیی ڕەواندز

ناوەڕۆک

هەڵسەنگاندنی گونجاوی شوێنی بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی لە قەزای ڕەواندز بە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی (AHP & FUZZY) ٣

ڕۆڵی سینەمای گەشتیاری لە دروستکردنی وێنەی زەینی و گەشەپێدانی ئابووریدا: شیکارییەکی ناوەڕۆک بۆ بەڵگەفیلمی خەرەندی ڕواندز ٤

ڕەنگدانەوەی واتا و بەهاکانی سروشت و میواندۆستی لە پەندی پێشینانی ڕەواندزدا ٥

قەزای ڕواندز و دەوروبەری لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئاڵنگارییە کارگێڕیی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکان (١٨٥١-١٩١٤) ٦

پێگەی ژنانی ڕواندز لە کاریگەری هێما ئەرێنیە کلتوورییەکاندا ٧

مێژووی پیشەگەریی لە شاری ڕواندزدا ١٩٩١-٢٠٠٣ ..... ٨

إعادة قراءة سقوط إمارة سوران: نقد رواية معركة سهل حرير وفتوى الملا محمد الخطي ٩

بزاڤی سیاسی و پێشمەرگایەتی لە ڕواندز ١٩٦١–١٩٧٥ ..... ١٠

بزاوتی شیعریی لە ڕواندز و ڕەنگدانەوەی ڕواندز لە شیعری کوردیدا ١١

بەراوردی گۆڕانە دەنگییەکان لە شێوەزاری ڕواندز لە دوو ماوەی جیاوازدا ١٢

پەرەسەندنی بارودۆخی بازرگانیی ڕواندز لەبەر ڕۆشناییی سەرچاوە بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ١٤

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕواندز لە سەدەی بیستەمدا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووویی – کۆمەڵایەتی) ١٥

ڕۆڵی تیپی موزیکی پاشای گەورەی ڕواندز لە گەشەی ئەکادیمیی موزیک و بزاڤی هونەریی کوردیدا ١٦

پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار و کاریگەری لەسەر چۆنایەتی ژیان لای دانیشتوانی شاری ڕواندز ١٧

تیۆریی پێکهاتەسازیی ئەنتۆنی گیدنز و گۆڕانی نەریت شیکارییەکی تیۆری – سۆسیۆلۆژی لە قەزای ڕەواندوزدا ١٨

تەلارسازی خانووی کەلەپووری لە شاری ڕواندز (توێژینەوەیەکی مەیدانی بەراوردکاری بۆ چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراو) ١٩

خۆراکی نەریتی و بونیادی ناسنامەی کەلتوریی لە ڕەواندوز توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجیە ٢٠

دور الظواهر الجيومورفولوجية في تنمية السياحية في قضاء رواندز (دراسة في الجيومورفولوجيا التطبيقية) ٢١

دیالۆگ لە دەربڕینی زمانییدا، گۆڤاری (زاری کرمانجی) بە نموونە ٢٢

ڕەنگدانەوەی ڕۆڵ و پێگەی میر محەمەدی سۆران لە دەقە شیعرییەکانی (کورتەی بەسەرهاتی میری ڕەواندز)ی قانع و (پاشای کۆرە)ی عەبدولڕەزاق بیماردا ٢٣

ڕواندز لە ڕوانگەی ئێدمۆند ڕۆنالد لیچ ٢٤

شیکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ کتێبی "ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردەکانی ڕواندز/١٩٤٠" ٢٤

ڕۆڵ و کاریگەریی زانایانی ئایینی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ڕواندز (١٩٨٠–١٩٨٨): توێژینەوەیەکی مێژووی – مەیدانی ٢٥
هەڵسەنگاندنی گونجاوی شوێنی پارێزراوی سروشتی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای ڕواندز بە بەکارهێنانیGIS ، AHPوFAHP ٢٧
ڕۆڵی کەرتی گواستنەوە لە پەرەپێدانی توانستە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ڕەواندز بە بەکارهێنانی تەکنیکی (Network Analysis) ٢٨
ڕۆڵی موزیک لە ناساندنی شوناس و گەشەپێدانی کەلتووری کوردی لە ڕواندزدا ٢٩
ڕەهەندە تراژیدی و لاوانەوەکانی بەیتی لەعلی خان ٣٠
سیمبۆلی شوێن و شوناسی کولتووری لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"ی شێرزاد حەسەندا ٣١
شاری ڕەواندز لە ئەدەبی کوردیدا، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی شارەوە گوتاری ستێگمای کەلتووری لە (ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری)دا ٣٤
گەشتوگوزاری کەلتوری (دەرفەت و ئاستەنگەکانی گەشتوگوزارسازیی شوێنەوار و کەلەپوری قەزای ڕواندز) ٣٥
ڕواندز لە مێژوو و یادەوەریی نەتەوەیی: ڕۆڵی میرنشینی سۆران و حوسێن حوزنی موکریانی لە دروستکردنی ناسنامەی هاوبەش ٣٧
نواندنی نەخشەیی بۆ توانستە گەشتوگوزارییەکانی نشینگە دێهاتییەکان و ڕۆلیان لە پەرەپێدانی قەزای ڕواندز ٣٨
هەڵسەنگاندنی توانستە جوگرافییەکان بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی کشتوکاڵی لە قەزای ڕواندز ٣٩
هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ بنەماکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار و ئایندەیان لە قەزای ڕواندز ٤٠
هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ کێشەکانی بەردەم گەشتوگوزاری ژینگەیی وەبەرنەهێناوەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە قەزای ڕواندز) دۆڵی ساوسێوکان و بێرمێ فەقیان بە نموونە) ٤١
وەقف وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری لە قەزای ڕواندز: لێکۆڵینەوەیەکی مەقاسیدی و پراکتیکی ٤٢
ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەتی گەشتیاریدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری ڕواندز) ٤٣
پێگەی جوگرافی و پایتەختێتی لە مێژووی دێرینی ڕواندزدا (شارە پایتەختەکانی سورا، نیشتون و ئارزەشکون وەک نموونە) ٤٤
ڕەهەندە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو و ناتۆرە لە کۆمەڵگەی کوردیدا (شاری ڕەواندز وەک نموونە) ٤٥
ڕەوشی ئابووری ڕواندز ١٩٧٥-١٩٩١ لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی- مەیدانییە ٤٦
شوناسی شاری ڕواندز لە نێوان گوتاری سیاسیی عوسمانی و گوتاری وەسفیی گەڕیدە بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەدا ٤٨
دەرکەوتەی شاری ڕواندز لە ڕۆمانی "قامچی"ی کاروان عەبدوڵڵا" (لە ڕوانگەی تیۆری دوای ڕەخنەگەرایی ڕیتا فێڵسکی) ٤٩
لە نێوان نەریت، کۆچ و متاڵاکردن: شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ گۆڕانی کەلتووری لە ڕەواندزدا ٥٠
Comparative Assessment of Atmospheric Trace Gases in Rawanduz District Using Sentinel-P and Google Earth Engine ٥١

هەڵسەنگاندنی گونجاوی شوێنی بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی لە قەزای ڕەواندز بە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی (AHP & FUZZY)

د. ڕێباز لقمان مصطفی، بەشی گەشتوگوزار، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە.
rebaz.mustafa@uoh.edu.iq
پ.د. شیروان عومەر ڕەشید، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
shirwan.rashid@univsul.edu.iq
د. سمیە فاضل عابد، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە.
sumaya.abd@uoh.edu.iq

پوختە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی گونجاوی شوێنی بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی لە قەزای ڕەواندز بە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی(AHP& Fuzzy)، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە وێنەکێشانی سینارێوی دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی لە قەزای ڕەواندز، کە شیکردنەوە بۆ پێوەرە سروشتی و مرۆییەکانی قەزاکە کراوە بە بەکارهێنانی مۆدێلەکانی(AHP& Fuzzy) و پەرەی بە ئامرازێک داوە بۆ دیاریکردنی شوێنە گونجاوەکان بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی پشتبەست بە پرۆگرامی(GIS) ئەویش ئامرازی*(SSAATR-V.٢٦)ە، کێشەی توێژینەوەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە قەزای ڕەواندز دەوڵەمەندە بە بوونی توانستی سروشتی و مرۆیی و لە توانایدایە گەشتوگوزاری سەرکێشی لێدروست بکرێت، تاوەکو ببێتە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری سەرنجڕاکێش، بەڵام تاوەکو ئێستا هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ دیاریکردنی شوێنە گونجاوەکان ئەنجام نەدراوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێوەری سروشتی و مرۆیی دیاریکراون کە کاریگەرییان لەسەر گونجاوی گەشتوگوزاری سەرکێشی هەیە، وەک بەرزونزمی و لێژی و نزیکی لە سەرچاوە ئاوییەکان و ڕووبارەکان و ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەکان و بوونی ناوچەی سەوزایی و دارستان و دووری لە ناوچەی نیشتەجێبوونی مرۆیی...هتد، پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستراوە، کە سوود لە سەرچاوە مەیدانی و ئامرازەکانی چەندێتی و وێنەی مانگەدەستکردەکان و (DEM١٢,٥M) وەرگیراوە، پاشان لە نێوژینگەی پرۆگرامی (GIS) شیکراونەتەوە و بۆ هەر پێوەرێک یاسای مۆدێلەکانی(AHP& Fuzzy) بەسەردا جێبەجێکراوە و نەخشەی گونجاوی شوێنی کۆتایی بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی بەرهەمهاتووە، کە بۆ سێ ئاست پۆلێنکراوە (زۆر گونجاو، مامناوەندە گونجاو، نەگونجاو)، ئەمەش دەبێتە ڕێبەرییەکی باش بۆ بڕیاربەدەستان و وەبەرهێنەران و پلاندانەران تاوەکو بتوانن بە باشترین شێوە توانستەکانی قەزاکە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری سەرکێشی بەکاربهێنن و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ژینگە کەم بکەنەوە.

کلیلە وشەکان: گەشتوگوزاری سەرکێشی، گونجاوی شوێن، قەزای ڕەواندز، GIS، میتۆدی Fuzzy Logic, AHP

(*) ئامرازی (SSAATR-V.٢٦): هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مۆدێلەکانن لەلایەن توێژەرانەوە لە نێو پرۆگرامی (GIS)

ڕۆڵی سینەمای گەشتیاری لە دروستکردنی وێنەی زەینی و گەشەپێدانی ئابووریدا: شیکارییەکی ناوەڕۆک بۆ بەڵگەفیلمی خەرەندی ڕواندز

م. ی. دانا محمد عبدالله

بەشی سینەما و شانۆ. کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

Dana.abdulla@su.edu.krd

پوختە: لە سەردەمی هاوچەرخدا چەمکی سینەمای گەشتیاری (Film-induced Tourism) بووەتە یەکێک لە کاریگەرترین ستراتیژییەکان بۆ بونیادنانی وێنەی زەینیی ئەرێنی بۆ شوێنە گەشتیارییەکان و پشتیوانیکردنی گەشەپێدانی ئابووریی ناڕاستەوخۆ. سەرەڕای بایەخی سروشتی و مۆرفۆلۆژیی خەرەندی ڕواندز، هێشتا بەتەواوی سوود لە سینەمای بەڵگەفیلمیی وەرنەگیراوە بۆ بەبازاڕکردنی توانستی گەشتیاریی ناوچەکە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی ڕۆڵی بەڵگەفیلمە لە دروستکردنی وێنەی زەینیی شوێن و پشتگیریی گەشەپێدانی گەشتوگوزار، لەڕێگەی شیکاریی ناوەڕۆکی بەڵگەفیلمی خەرەندی ڕواندز. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهێناوە، بە پشتبەستن بە شیکاریی ناوەڕۆکی چۆنایەتی و شیکاریی سیمۆلۆژیی بینراو بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتە بینراو و دەنگییەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕەهەندە مەعریفی، هەستیاری و ڕەفتارییەکانی وێنەی زەینی. لە شیکردنەوەکەدا ئاشکرامان کرد، کە بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەگرتن، پێکهاتە پانۆڕامییەکان، ئیکۆلۆژیی دەنگی ڕەسەن و تەکنیکەکانی مۆنتاژ؛ وێنەیەکی ئەرێنی و شکۆمەندییان بۆ شوێنەکە بونیادناوە و ئارەزووی سەردانیکردنیان لای بینەران بەهێز کردووە. لە هەمان کاتدا شیکارییەکە دەریخست، کە فیلمەکە سەرنجێکی، کەمی خستووەتە سەر خستنەڕووی ژێرخانی گەشتیاری و ڕەگەزی مرۆیی، ئەمەش دروستبوونی دیاردەی «واقیعی زێدەڕۆکراو» (Hyperreality)ی لێ دەکەوێتەوە و ئاستەنگ لە گۆڕینی وێنەی زەینی بۆ داهاتی ئابووریی کرداری دروست دەکات. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە بەڵگەفیلم دەتوانێت وەک ئامرازێکی ستراتیژیی براندسازیی شوێن کاریکات؛ ئەگەر هاوسەنگی لەنێوان بەرهەمی هونەری و واقیعی لۆجیستیدا بپارێزرێت. بەهێزکردنی هاوکاری لەنێوان دەستەی گەشتوگوزار و بەرهەمهێنەرانی فیلم بۆ پشتگیریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوام؛ پێشنیاز دەکات.

کلیلەوشە: سینەمای گەشتیاری، وێنەی زەینی، گەشەپێدانی ئابووری، خەرەندی ڕواندز.

ڕەنگدانەوەی واتا و بەهاکانی سروشت و میواندۆستی لە پەندی پێشینانی ڕەواندزدا (لێکدانەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە)

د. تارا مشیر صالح

هەرێمی کوردستانی عێراق-زانکۆی کۆیە- فاکەڵتی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی- کۆیە.

tara.salih@koyauniversity.org

پوختە: پەندی پێشینانی ڕەواندز وەک کۆگایەکی دەوڵەمەندی کەلتووری زارەکی، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پەیوەندییە ئۆرگانییەکەی مرۆڤی ناوچەکەیە لەگەڵ سروشتە سەخت و بەخشندەکەی دەوروبەری. لە ڕووی سیمانتیکەوە، زۆرێک لە پەندەکان وێناکردنی چیاکان، ئاو، دار و وەرزەکانیان کردووەتە سیمبول بۆ خۆڕاگری، بەردەوامی، پاکی و بەخشین، کە بەها باڵاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن. هاوکات، میواندۆستی وەک بنەمایەکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی لە پەندەکاندا بە چەمکی پیرۆزیی ماڵ، نان و ئاو ڕێزگرتنی میوان دەردەبڕدرێت و لە ئاستی ئەرکێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئاستی شەرەف و ناسنامە بەرزکراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت ، کە پەندی پێشینان تەنیا قسەی جوان نین بەڵکو ئامرازی دەروونیی و کۆمەڵایەتین بۆ گواستنەوەی واتا و بەها و داڕشتنی هزری تاک لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەروونییەوە، دەڤەری ڕەواندز لە پەندەکانی دوو میکانیزمی سەرەکی بەکاردەهێنن: یەکەم: دروستکردنی شوناسی شوێن لە ڕێگەی بەستنەوەی مرۆڤ بە سروشتەوە. دووەم: پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی چەسپاندنی نۆرمی میواندۆستی. واتە وشە دەبێتە کردار، توێژینەوەیەکی بەم ناونیشانە تا ئێستا لە دەڤەری ڕەواندز نەکراوە.

وشەی سەرەکی: پەندی پێشینانی ڕەواندز ، لێکدانەوەی دەروونی ، واتاکانی سروشت، بەهای میواندۆستی.

قەزای ڕواندز و دەوروبەری لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئاڵنگارییە کارگێڕی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکان (١٨٥١-١٩١٤)

پ.ی. خالد محمود کریم
زانکۆی گەرمیان
khalid.mahmood@garmian.edu.krd

پوختە: ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ مێژووی ڕواندز و ناوچەکانی دەوروبەری دەکات، وەک سەنجەق و قەزایەکی سنووریی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (١٨٥٠-١٩١٤)، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی عوسمانییەکان، کە ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کارگێڕیی و ئاسایش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکەیە. ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی سروشتی کارگێڕیی عوسمانییەکانە لە ڕواندز و دەوروبەری و ئاشکراکردنی ڕادەی توانای سەپاندنی دەسەڵاتی لە بەرانبەر چەندین ئاڵەنگاریدا، کە دیارترینییان گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان و پشێوی ئەمنی و گرژییەکانی سەر سنوور بوو.
توێژینەوەکە ڕێبازێکی مێژوویی- شیکاریی بەکاردەهێنێت، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان و گرێدانەوەیان بەو کۆنتێکستەی هەیانە، ڕۆشنایی دەخاتە سەر میکانیزمەکانی دانانی قایمقام و کاربەدەستان و ڕواڵەتەکانی گەندەڵی کارگێڕیی و شێوازەکانی چارەسەرکردنی، هەروەها ڕۆڵی ئامرازەکانی مۆدێرنیزەکردنی وەک تەلەگراف لە بەهێزکردنی کۆنترۆڵی ناوەندیی، هەروەها توێژینەوەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەردەوامی هەژموون و کاریگەریی هەندێک لە بەگە ناوخۆییەکان، سەرەڕای جێبەجێکردنی کارگێڕیی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان و ئەو ئەنجامانەی بەدوایدا هات لە بەرەیەککەوتنی نێوان دەسەڵاتی فەرمی و دەسەڵاتی نەریتی.
توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە کارگێڕیی عوسمانی سەرباری هەوڵە ڕێکخراوەیی و چاکسازییەکانی، بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو لە نەهێشتنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و گەیشتن بە سەقامگیرییەکی کارگێڕیی و ئاسایشی بەردەوام لە ڕواندز و دەوروبەری، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی ئاڵۆزی پەیوەندیی نێوان ناوەند و ناوچە دوورەدەستە سنووربییەکان بوو.

وشە کلیل: قەزای ڕواندز، سەردەمی عوسمانی، ڕەوشی کارگێڕیی، ئاڵنگارییە ئەمنییەکان، هێڵی تەلەگراف.

پێگەی ژنانی ڕواندز لە کاریگەری هێما ئەرێنیە کلتوریەکاندا

د. پەخشان سابیر، بەشی کوردی/ فاکەڵتیی ئاداب زانۆی سۆران

Pakhshan.hamad@soran.edu.iq

م. ڕێزان عزەدین شەمسەدین، پەیمانگای هونەرەجوانەکان / ڕواندز

پوختە: هەڵکەوتەی ڕواندز وەک ناوەندێکی کلتوری و ژینگەیی و ئابوری و سیاسی بە درێژایی مێژو چەندین بەخششی بە ناوچەکە داوە، کە بۆتە ناسنامەی تایبەتی و بەها کۆمەڵایەتیەکانی پتەوتر کردوە و داب و نەریت و پێکهاتە کلتوریەکانی پاراستوە. ئەمە لە کاتێکدا کلتور و زمان و ئایین سێکوچکەی ناسنامەن، زمان و کلتور ڕوانگە و تێڕوانینە خودییەکانی نەتەوەی تێدا کۆدەبێتەوە بە تایبەتی، کە ڕواندز یەکێکە لەو مەڵبەندە ڕۆشنبیریانەی پێگەیەکەی لە پانتاییە جوگرافیەکەی فراوانتر هەبوە، بوونی قوتابخانە و کتێبخانە و چاپخانە لە پێش شارەکانی دیکە بەڵگەیەکە بۆ بەهای ڕۆشنبیری لە ڕواندزدا، کە بۆتە مایەی دەوڵەمەندی کلتوری تایبەت بەم ناوچەیە و زیاتر مانەوەی و بەردەوامیی پاراستن و ئاگا لێبوونی. بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ(پێگەی ژنانی ڕواندز لە کاریگەری هێما ئەرێنیە کلتوریەکاندا)تەرخانکردوە، چونکە پەیوەندی نێوان(کلتور و ژن) پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوترە لە پەیوەندی پیاو بە کلتورەوە، چونکە هەر خۆی ئاخاوتن لەبارەی کلتورەوە یەکێکە لە تەوەرەکانی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان، ئاڵۆز و بەیەکداچووە کە لە نێوان دوو هێڵی سەرەکی ئاڵۆز و بەیەکداچووە: یەکەمیان: بە دوای وێنەی ژن لە نێو کلتوردا دەگەڕێت دوەمیان: لە ڕۆڵی ژن وەک پارێزەری کلتور و گواستنەوەی بابەتەکانی کلتور بۆ قۆناغەکانی دیکە کار دەکات. ژنانی ڕواندز پارێزەرێکی دەستپاکی کلتوری مەعنەوی و ماددیشن لە هەمانکاتدا، گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەیان لە ئەستۆ گرتووە، بۆیە ناسنامەی کۆمەڵگەی کوردی شوێنپەنجەی ژنی بە ڕوونی پێوە دیارە.

وشە کلیلییەکان: کلتور، ڕواندز، ژنانی ڕواندز، ڕۆشنبیری، ئەدەبیاتی زارەکی، ناسنامە، هێمای ئەرێنی، دەستڕەنگینی.

مێژووی پیشەگەریی لە شاری ڕواندزدا ١٩٩١-٢٠٠٣

د. هۆگر حسن پیرداود

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو

Hogir.pirdawood@su.edu.krd

پوختە: پیشە دەستییەکان بە یەکێك لە بنەما ئابووریيە گرنگەکان دادەنرێت. بەرهەمەکانی بەشێك لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا دابین دەکات و هەلیکار بۆ بەشێکی دیکەی دانیشتوان دەرەخسێنێت و کاریگەری بەسەر چالاکییەکانی دیکەی ئابووریدا هەیە لە ڕێگەی بەرهەمەکان و ساغکردنەوەیان. لێکۆڵینەوە لە پیشە دەستییەکانی شاری ڕواندز لە ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣، بە ماوەیەکی کاریگەر دادەنرێت، کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگی بەخۆیەوە بینیووە. لە ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١ دا، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢ و ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری، گەمارۆی ئابووری، بریاری ٩٨٦، شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، کاریگەری بەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستای هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە. لێکۆڵینەوەکە هەوڵ دەدات ڕەوشی پیشەگەری لە شاری ڕواندز بخاتە بەرباس و ئەو هۆکارانەی کاریگەرهییان لەسەر پیشە دەستییەکان هەیە، بخاتەڕوو. هەروەها کاریگەریی ڕەوشی سیاسی و گەمارۆی ئابووری لەسەر پیشە دەستییەکان ڕوون بکاتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی و مێژوویی بەستووە. بۆ دەرخستنی ڕەوشی پیشە دەستییەکان و گوزەرانی پیشەوەران لە ڕواندزدا شیکاری کراوە. لە دوای ڕاپەڕین پیشە دەستییەکان بەرەو لاوازی چوون، بارودۆخی گوزەرانی بەشێك لە پیشەوەرانیش خراپ بووە.

وشە سەرەکییەکان: پیشە دەستییەکان، پێداویستی، ڕستن و چنین، بازاڕ، ئابووری، ڕواندز.

إعادة قراءة سقوط إمارة سوران: نقد رواية معركة سهل حرير وفتوى الملا محمد الخطي

ب.د. فرست مرعي

استاذ التاريخ الاسلامي في جكلية العلوم الانسانية/ جامعة زاخو

Firset.ismail@uoz.edu.krd

الملخص: يتناول البحث إعادة قراءة سقوط إمارة سوران في عهد مير محمد باشا الرواندوزي (میری کۆرە)، من خلال نقد الروايات التي جعلت معركة سهل حرير وفتوى الملا محمد الخطي سبباً حاسماً في انهيار الإمارة. وتخلص الدراسة إلى أن هذه الرواية لا تحظى بتأييد كافٍ في المصادر المقارنة؛ إذ يظهر سهل حرير، في رواية ماكدول، بوصفه محطة استراتيجية ضمن تقدم الجيش العثماني نحو رواندوز، لا ساحة معركة فاصلة أنهت الإمارة. كما أن نسبة الفتوى الحاسمة إلى الملا محمد الخطي تحتاج إلى مراجعة، ولا سيما أن الدملوجي نفسه أشار إلى عدم العثور على أصل الفتوى، ونقل رواية أخرى تنسبها إلى الملا يحيى المزوري. وتبرز وثيقة زعماء بهدينان المرفوعة إلى السلطان العثماني سنة ١٨٣٤م دليلاً مهماً على اتساع المعارضة المحلية لمير كوره؛ إذ وقعها علماء ومفتون ورؤساء عشائر وشخصيات سياسية واجتماعية من مختلف مناطق بهدينان، بما يكشف عن رفض واسع لفرض سلطة سوران على الإمارة. كما تكشف الوثيقة عن قوة الولاء المحلي واستقلال الإمارات الكردية عن بعضها، الأمر الذي يحذر من إسقاط مفهوم القومية الحديثة على توسع میری کۆرە. وتخلص الدراسة إلى أن سقوط سوران كان نتيجة تفاعل التوسع العسكري لمير محمد، واتساع دائرة خصومه، والانقسامات والتحالفات المحلية، والسياسة المركزية العثمانية، والتنافس الإقليمي، وليس نتيجة معركة واحدة أو فتوى منفردة.

الكلمات المفتاحية: إمارة سوران؛ مير محمد باشا؛ سهل حرير؛ الملا محمد الخطي؛ إمارة بهدينان.

بزاڤی سیاسی و پێشمەرگایەتی لە ڕواندز ١٩٦١–١٩٧٥

هیوا سەید سەلیم

پوختە: دەڤەری ڕواندز ڕۆڵی پێشەنگایەتی لە کاروانی سیاسی و ڕێکخراوەیی پشتیوانی بزوتنەوە سیاییەکان و بزوتنەوە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورد و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی هەبووە، بەهۆی جیۆستراتیژی ناوچەکە وەک دۆڵی سەخت و سروشتە شاخاوییەکەی و سەر سنووورییەکەی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە پێگەیەکی گرنگی بەناوچەکە بەخشیوە. لە شۆڕشی ئەیلولیدا پێگەی ناوچەکە وەک کارگەری دەرکەتووە. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "میژووی سیاسی و پێشمەرگایەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٦١ تا ١٩٧٥)" سنووورێکی بچووکی جوگرافی و کاریگەر لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی هاوشانی دەڤەرەکانی کوردستان کە تەواوکەری میژووە گشتییە نەتەوەییەکەیەتی، بەمێتۆدی وەسفی شیکاری پاڵپشت بە کۆمەڵێک سەرچاوە دۆکیۆمێنتی کار لەسەرنەکراو لایێ لێکراوەتەوە.

کاتێک شۆڕشی ئەیلوول سەرهەڵدەدات، ڕواندز دەبێتە مەیدانی سەرەکی ئەو تێکۆشانە، ئەو توێژینەوەیە بەئامانجی خوێندنەوەی سیاسیی – میژوویی وەک میژووێکی تەواوکاری و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی شۆڕشی ئەیلول گرنگە، بۆیە بۆیە توێژینەوەکە ئەو لێکەوتانەی وەک سوتاندنی ناوچەکە و ئاوارەبوون و قوربانیدان و بەشداری خەڵکەکە بەتایبەتی ڕۆڵی ژنان لە چوارچێوەی خەڵکەکەی ڕۆڵیان لە بزاڤی سیاسی و پێشمەرگایەتی زۆربووە و دەریخستوون. وێڕای پاڵپشتی بەهۆی لێکەوتەی ڕووداوەکان ناوچە قوربانی زۆریان داوە و شارەکە و گوندەکانی دەروبەری ڕووبەڕووی سووتان و ئاوارەبوون و ببوونەوە.

وشە کلیلییەکان: ڕواندز، شۆڕشی ئەیلول، میژوو، پێشمەرگە، ژنان، جیۆسیاسی.

بزاوتی شیعریی لە ڕواندز و ڕەنگدانەوەی ڕواندز لە شیعری کوردیدا

ڕزگار جەباری
rzgarjebari@gmail.com

پوختە: ڕواندز یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان، کە لەنێو سروشتێکی جوانی کوێستانیدا بنیات نراوە. ئەم شارە لە مێژووی کورد و کوردستاندا، بە تایبەتی لەدوای ئەوەی دەکرێت بە پایتەختی میرنشینی سۆران و بەتایبەتیتر لە سەردەمی میر محەمەدی ڕواندز ناسراو بە پاشای کۆرە (١٧٨٣ ڕواندز – ١٨٣٨ سێواس) دەبێت بە چەقی جموجوولێ گەورەی سەربازی و سیاسی و فەرهەنگی. بەو بۆنەوە ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کردووە، کە تاوەکوو ئەمڕۆ بەهۆی گەشانەوەی لەو بوارانە و بواری دیکەشدا ناوبانگی خۆی پاراستووە. یەکێک لەو بوارە فەرهەنگییانە، ژانری ئەدەبیی شیعرە، کە لە سەدەی ١٩ز بەدواوە لە ڕواندز و دەوروبەرییدا سەرەتایەکی سادەی بزاوتی شیعریی کوردی سەرهەڵدەدات و چەند شاعیرێک بە کوردیی ناوەندیی دەنووسن. هەر لەو سەردەمە و لە قۆناغەکانی دواتریشدا ڕواندز بەهۆی ناوبانگییەوە خۆیشی لە شیعردا ڕەنگ دەداتەوە. لەم توێژینەوەیەدا، وێڕای خستنەڕووی ڕیشەناسیی پەیڤی (ڕواندز) و پوختەی مێژووی شارەکە و پوختەی مێژووی بزاوتی شیعریی لە شارەکەدا، ئاماژەکان بە ناوی ڕواندز، لە شیعری ماوەی نێوان سەدەی ١٩ تاوەکوو ناوەڕاستی سەدەی (٢٠ز) هەڵدەبژێرین و بە میتۆدی وەسفی – شیکاری؛ واتا و مەبەستی ئاماژەکان و پەیوەندیی ئاماژەکە بەم شارەوە دەخەینە بەرباس. ئەو نموونە شیعرییانەی دەستمان خستوون، جگە لە یەک شیعری فارسی و دوو شیعری تورکی هەموویان بە زمانی کوردین. شیعرەکان بە گشتی لە فۆرمی ستوونین. وێڕای ئەدەبی نووسراو، ناوی (ڕواندز) لە ئەدەبی فۆلکلۆریشدا هاتووە، وەک بەستە و بەیت و لاوک. ڕواندز هەر لە سەرەتای دەرکەووتن و گەشانەوەوە جگە لە شیعر کە تەوەری توێژینەوەکەیە، باسووخواسی لە سەرچاوە خۆمالّی و بیانییەکانی وەک کتێبی مێژوویی و گەشتنامە و یاداشتنامە و سەرچاوەی دیکەشدا هاتووە.

وشەی کلیلی: شاری ڕواندز، میر محەمەد، شیعری کوردی، ئاماژە، واتا.

بەراوردی گۆڕانە دەنگییەکان لە شێوەزاری ڕواندز لە دوو ماوەی جیاوازدا

پ.ی.د. سۆران عبدالرحمن حمد

بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی ڕاپەڕین

soran.hamad@uor.edu.krd

د. گوڵچین عزیز محمدامین

بەشی کوردی فاکەڵتی ئاداب زانکۆی سۆران

gulchin.muhammadmin@soran.edu.iq

پ.ی.م. ڕێژنە مەعروف حسین

بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی ڕاپەڕین

rezhna.maarwf@uor.edu.krd

پوختە[1]: ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (بەراوردی گۆڕانە دەنگییەکان لە شێوەزاری ڕواندز لە دوو ماوەی جیاوازدا)یە، تێیدا گۆڕانە دەنگییەکان لە دوو ماوەی جیاوازدا بە پشتبەستن بە ئامار و بەراوردی گۆڕانە دەنگییەکان لەو شێوەزارەدا، خراونەتەڕوو؛ مەبەست لەو گۆڕانە دەنگییانەیە، کە لە شێوازی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکی ڕواندز لە ماڵەوە، یان لە شوێنە نافەرمییەکاندا هەیە و هەستیپێدەکرێت، مەبەست لە دوو ماوە جیاوازەکە لەو شێوەزارەدا؛ گۆڕانە دەنگییەکانە لە ئاخاوتنی خەڵکی ڕواندز لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، لەگەڵ ئێستا ساڵی(٢٠٢٦) ، تێیدا گۆڕانە دەنگییەکان بەراوردی یەکتر کراون.

کێشەی توێژینەوەکە دەرکەوتنی دیاردەی هاتنی دوو بزوێن، یاخود دیفتۆنگە بەدوای یەکتردا لە ئێستای ئەم شێوەزارەدا، کە ئەنجامێکی تەواو جیاوازە لەو توێژینەوانەی لەسەر دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا ئەنجامدراون و ئەو گۆڕانانەش، کە پێشتر لەم شێوەزارەدا تۆمارکراون.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بە وەڵامی چەند پرسیارێك بگات: ئایا دەکرێت لە شێوەزاری ڕواندز وەك شێوەزارێکی زمانی کوردی؛ دوو دەنگی بزوێن بەدوای یەکتردا بێن؟ ئایا گۆڕانە دەنگییەکان لەو دوو ماوە جیاوازەدا چەند و چۆنە؟

١ ئەم توێژینەوەیە و توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە بەتەواوی هاوڕای ئەو بۆچوونەن، کە (وو) لە زمای کوردیدا فۆنیم نییە و لە ڕێنوسیشدا بەکارنایەت، بەڵام ڕێنمایی و مەرجی ڕێکخەرانی کۆنفرانس و گۆڤاری بڵاوکەرەوە ئەوە بوو، کە پێویستە ڕێنوسی توێژینەوەکان لەم گۆڤارەدا ڕێنوسێکی یەکگرتو(موحد) بێت و هەموی پەیرەوی (وو) بکات، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا توێژەران ناچاربون، کە پەیرەوی (وو) لە ڕێنوسدا بکەن.

لە توێژینەوەکەدا بۆ خستنەڕووی گۆڕانە دەنگییەکان لەو دوو ماوە جیاوازەدا، ڕێبازی وەسفی- بەراوردکاری بەکارهاتووە، بە پشتبەستن بە بەرنامەی (Praat) ڕاستیی گریمانەی هاتن و نەهاتنی دەنگە بزوێنەکان و دروستبوونی دیفتۆنگی زیاتر لە شێوەزارەکەدا پشتڕاست کراوەتەوە.

زۆر لەو توێژینەوانەی، تا ئێستا لەسەر گۆڕانی دەنگی کراون، لە کاتی ئێستای زماندا بووە. لەو سۆنگەیەوە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە گۆڕانی دەنگیی لەیەک شێوەزاردا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بە ژمارە و هێڵکاری دەخاتەڕوو. لەکۆتاییشدا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە لە ئێستای شێوەزاری ڕواندزدا؛ گۆڕانی دەنگی بەراورد بە سەدەی ڕابردوو، زیادترە، هەروەها لە ئێستای ئەو شێوەزارەدا زۆربوونی دیفتۆنگ بەدەرخراوە.

کلیلە وشە: شێوەزار، گۆڕانی دەنگی، هۆکاری گۆڕانە دەنگییەکان، ڕواندز.

پەرەسەندنی بارودۆخی بازرگانیی ڕواندز لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا

پ. ی. د. کامران محمد حاجی

زانکۆی سەڵاحەددین / کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو

Kamaran.haji@su.edu.krd

پوختە: سەرچاوە بیانییەکان، بە تایبەت یاداشت، گەشتنامە و ڕاپۆرتە دیپلۆماسییەکان، لە سەرچاوە بە بایەخەکان دەژمێردرێن، دەکرێت زانیارییەکانیان ببنە کەرەستەیەکی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی نوێی کورد. ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ئەوە دەکات کە دۆخی بازرگانیی شارۆچکەی ڕواندز، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانەدا شەنوکەوبکات. لەم ڕووەوە کاریگەریی شوێنی جوگرافیی ڕواندز و پێگە کارگێڕییەکەی، جارێك وەکو مەڵبەندی میرنشینی سۆران، دواجاریش وەکو ناوەندی قەزایەکی سەر بە سەنجەق شارەزوور، تەوەرێکی توێژینەوەکەیە. جگە لەوانە، دۆخی بازاڕ و کاروانسەرا، گرنگترین بەرهەم و کاڵا بازرگانییەکان، لە تەوەرەکانی دیکەی توێژینەوەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی گێڕانەوە و وەسفی بەستراوە، ئینجا بەراوردکاری؛ سروشتی توێژینەوەکە ئەوە دەخوازێت لەپێناو بەراوردکردنی هەندێك لە زانیارییەکانی دووتوێی سەرچاوە بیانییەکان، لە کاتی پێویستدا پشت بە هەندێك سەرچاوەی خۆمالّی بە تایبەت سەرچاوە عوسمانییەکان ببەستێت، لەنێویاندا بەڵگەنامە، سالّنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکانی دیکە هەن، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرچوون.

وشە کلیلییەکان: ڕواندز، گەڕیدە، کاروانسەرا، مازوو، توتن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕواندز لە سەدەی بیستەمدا

(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی)

پ.ی.د.سنوور صباح صدیق

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

snur.sediq@su.edu.krd

م.سەیران صالح

وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان

م.سروە قادر سمایل

پوختە: ڕواندز وەک زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لە کۆمەڵێک پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز پێکهاتووە، بەڵام زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە کورد و موسڵمانن. پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی شارەکە بەبێ جیاوازی لە ناوچەکەدا ژیاون، تەنانەت تێکەڵاوی و هاتووچۆ لە نێوانیاندا هەبووە و لە کاتە سەختەکاندا بەرگریان لەیەکتری کردووە. بەشێك لە پێکهاتەکان بەهۆی هۆکاری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە، بەرەو ناوچەکە هاتوون و لە ماوەیەکی درێژدا بوونەتە بەشێک لە کۆمەڵگەی ڕواندز و هەندێک لەو پێکهاتانە لە سەردەمی ئێستادا خۆیان بە ڕواندزییەکی ڕەسەن دادەنێن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دانیشتووانی ڕواندز لە ماوەی مێژوویی جۆراوجۆردا بەهۆی ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. بەتایبەتی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق، شەڕی ئێران و عێراق و شۆڕشە کوردییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پێکهاتەی دانیشتووان و ژیانی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە هەبووە. یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی ئەو بارودۆخە، کۆچکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی ڕواندز بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بووە. لە هەمان کاتدا، بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانەوە، دانیشتووانی هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەری ڕواندز بەرەو شارەکە کۆچیان کردووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دانیشتووان و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە.

کلیلە وشە: ڕواندز، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بنەماڵە،عەشیرەت، لایەنی ئایینی.

ڕۆڵی تیپی موزیکی پاشای گەورەی ڕواندز لە گەشەی ئەکادیمیی موزیک و بزاڤی هونەریی کوردیدا

پ.ی.د ئامانج غازی

amanj.shaker@su.edu.krd

زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی هونەرەجوانەکان

پوختە: ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی تیپی موزیکی پاشای گەورەی ڕواندز لە سەر نەخشەی موزیکی کوردیدا شرۆڤە دەکات، بە تایبەت لە ڕوانگەی گەشەسەندنی ئەکادیمی و پتەوکردنی پێکهاتەی ئۆرکێستڕای کوردییەوە. تیپەکە کە لە کۆتایی ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لە شاری ڕواندز دامەزرا، وەک یەکێک لە هەرە دیارترین تاقیگە هونەرییەکانی دەرەوەی ناوەندە کلاسیکییەکانی هونەر دەرکەوت(١). توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە میتۆدی (وەسفی-شیکاری) هەوڵدەدات وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بداتەوە. لە تەوەرەکانی توێژینەوەکەدا، باس لە دامەزراندنی "ئۆرکێستڕای پاشای گەورە "دەکرێت وەک وەرچەرخانێکی ناوازە لە مێژووی موزیکی کوردیدا. تیپی پاشای گەورە ڕەهەندی هونەریی گەورەی بە گەشەی ئەکادیمی موزیکی کوردی بەخشی، تەنها وەک گروپێکی هونەری نەمایەوە، بەڵکو بوو بە قوتابخانەیەکی ئەکادیمی کە توانی موزیکی کوردی لە فۆرمە لاسایی و خۆرسکەکەیەوە بەرەو قۆناغی نۆتەنووسین، سیستەماتیککردن و ئەکادیمیبوون بەرێت. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە تیپی پاشای گەورە پایەیەکی سەرەکییە لە نەخشەی موزیکی کوردیدا، نەک هەر بەهۆی بەرهەمە هونەرییەکانیان، بەڵکو بەهۆی دارشتنی میتۆدێکی ئەکادیمی کە هاوسەنگیی لە نێوان ڕەسەنێتی مۆد و فۆلکلۆر لە لایەک و نوێگەریی ئەکادیمی و ئۆرکێستڕایی لە لایەکی تردووە دروست کردووە، هەروەها لە داهێنانی میانڕەوی نێوان ئیمپرۆڤیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی و دیسیپلینی ئۆرکێستڕایی ڕۆژئاواییدا دەبینرێت.

وشە کلیلەکان: ڕۆڵ، تیپی پاشای گەورە، ڕواندز، موزیکی ئەکادیمی کوردی.

پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار و کاریگەری لەسەر چۆنایەتی ژیان لای دانیشتوانی شاری ڕواندز

م. ی. خدیجه رحمان سعدی/ نوسینگەی مافی مرۆڤ سۆران

kalsumrahman@gmail.com

م. ی. بەسیدە حیدر انور/ بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
basideh.haider@koyauniversity.org

م.ی. حازم علی رمضان/ بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
Hazm.ali@koyauniversity.org

ئەرکان لوقمان زاهیر

arkanluqman٥@gmail.com

پوختە: ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی کاریگەری پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لەسەر چۆنایەتی ژیانی دانیشتوانی شاری ڕواندز، لە ڕێگەی پێداچوونەوە بۆ ئاستی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، و پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی سەرەکیی توێژینەوەکە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە دانیشتوانی شاری ڕواندزە و توێژەران بە شێوازی نمونەی هەڕەمەکی سادە و لە ڕێگەی گووگڵ فۆرم ١٥٨ پڕ کراوەتەوە. توێژینەوەکە بە میتۆدی پەسنیی شیکاری ئەنجام دراوە ودوو پێوەری پرسیارنامەیی بەکارهاتووە: پەرەپێدانی گەشتوگوزار کە (چوار ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و ژینگەیی) لە خۆ گرتووە، پێوەری چۆنایەتی ژیان بە پێی ئەو لایەنانەی پەیوەندی بە کەرتی گەشتوگوزار هەیە. ئالفای کرۆنباخ بۆ پێوەری پەرەپێدانی گەشتوگوزار ٠.٩٣٢، بۆ پێوەری چۆنایەتی ژیان ٠.٩٠٣، و بە گشتیی هەردوو پێوەرەکە ٠.٩٤٦ بوو، کە ئاستێکی بەرزی جێگیری دەردەخات. ئەنجامەکان دەریانخست کە ئاستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار و چۆنایەتی ژیان لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە هەردووکیان لە ئاستێکی مامناوەنددان، بەڵام ڕەهەندی ئابووری وەک بەرزترین ڕەهەند و ژینگەیی وەک نزمترین ڕەهەند بوون . لە ڕووی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانەوە پیشە کاریگەریی بەرچاوی هەبوو، بەڵام تەمەن و ئاستی خوێندەواری کاریگەرییان نەبوو. شیکاری پەیوەندی پیرسۆن پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز و بەڵگەداری ئاماری دەرخست لە نێوان پەرەپێدانی گەشتوگوزار و چۆنایەتی ژیان (r=٠,٦٦٣)، و شیکاری ڕگرێشنی فرەیی سەلماندی کە هەرچوار ڕەهەند پێکەوە ٤٤.٩٪ لە گۆڕانکاری چۆنایەتی ژیان دەردەخەن، بەڵام تەنها ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی کاریگەریی سەربەخۆیان هەبوو، و ڕەهەندی کولتووری کاریگەری نەبوو. توێژینەوەکە پێشنیار دەکات کە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی دروستی کردنی هاوسەنگیی پەرەپێدانی بەردەوام بدەن لە سەرجەم لایەن و بوارەکانی کەرتی گەشتوگوزار، بۆ ئەوەی سوودی گەشتوگوزار بگاتە هەموو لایەنەکانی چۆنایەتی ژیانی دانیشتووان.

وشە سەرەکییەکان: پەرەپێدانی گەشتوگوزار؛ چۆنایەتی ژیان؛ دانیشتوانی شاری ڕواندز؛ تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی؛ گەشتوگوزاری بەردەوام.

تیۆریی پێکهاتەسازیی ئەنتۆنی گیدنز و گۆڕانی نەریت

شیکارییەکی تیۆری – سۆسیۆلۆژی لە قەزای ڕەواندوزدا

م.د.هێردن ابراهیم احمد
بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
herdn.ahmed@su.edu.krd

م.ی. هونەر کمال قادر
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
hunar.qader@su.edu.krd

پوختە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات شیکارییەکی سۆسیۆلۆژی لە ڕوانگەی تیۆری پێکهاتەسازی (ئەنتۆنی گیدنز)ەوە، بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە قەزای ڕەواندوز بکات، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەو دووانەییە سۆسیۆلۆییەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە نێوان پێکهاتە نەریتییە چەسپاوەکان (خێزان و خێل) و هێزە خێراکانی مۆدێرنبووندا (گەشتیاری، پەروەردە و سۆشیال میدیا) لەم ناوچەیەدا کە دروست بووە. ئەو توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە میتۆدی شیکاری تیۆری - وەسفی بەستووە بۆ هەڵسەنگاندنی کارلێکی نێوان بکەرایەتیی تاکەکان (Agency) و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان (Structure).

ئەنجامە سەرەکییەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕەواندوزدا لە ڕێگەی دانوستان و سازشکاریی بەردەوامی نێوان پاراستنی نەریت و خواست بۆ گۆڕانکاری بەڕێوە دەچێت. فاکتەرە هاوچەرخەکانی وەک گەشتیاری و پەروەردە دەرفەتی نوێیان بۆ مانۆڕدانی تاکەکان ڕەخساندووە تا بەها خێزانییەکان دەستکاری بۆ بکەن، بێ ئەوەی شوناسیان لێکبترازێت. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە بە پێچەوانەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، لە ڕەواندوزدا بکەرایەتیی کۆمەڵ پێش بکەرایەتیی تاک دەکەوێت و ناوچەکە ئەزموونی پێکهاتەسازیی تێکەڵ دەکات.

وشە سەرەکییەکان: پێکهاتەسازیی، ئەنتۆنی گیدنز، دووانەیی پێکهاتە، قەزای ڕەواندوز.

تەلارسازی خانووی کەلەپووری لە شاری ڕواندز

(توێژینەوەیەکی مەیدانی بەراوردکاری بۆ چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراو)

پ. ی. د. زیاد احمد محمد شوێنەواری ئیسلامی / بەشی شوێنەوار/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین
ziyad.mohammed@su.edu.krd
د. عبدالوهاب سلێمان حسن شوێنەواری کۆن / بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری سۆران
Abdulwahab.s.h٨١@gmail.com
م. سەنگەر محمد عبدالله شوێنەواری کۆن / پەیمانگای عێراق بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور
sangarmohamad٥١٨@gmail.com

پوختە: تەلارسازی کەلەپووری خۆمالّی دەرئەنجامی لێکدان و کارلێکی بەردەوامی نێوان ژینگە، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، کەرەستە خاوەکانی ناوچەکە و شارەزایی وەستاکان و ڕەوتی مێژووە. لەڕوانگەی چەمکە تیۆرییەکانی ئۆلیڤەر و ڕێکخراوی ئایکۆمۆسەوە، ئەم شێوازە تەلارسازییە گوزارشت لەناسنامەی ڕەسەنی گەلان دەکات. لەڕووی زانستییەوە، ئەم توێژینەوەیە لەسەر چوار ڕەهەندی بنەڕەتی چڕدەبێتەوە: گونجاندنی ژینگەیی لەڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی خۆمالّییەوە، پاراستنی بەهای کۆمەڵایەتی لەمیانەی دەستەبەرکردنی حەرەمی خێزان، بەهای تەکنیکی لەشێوازی دروستکردن و دارشتندا، لەگەڵ بەهای مێژووییِ تەلارەکان.

بەگوێرەی یاداشتی گەڕیدەکان، دەرکەوتووە،کە شاری ڕواندز لەسەدەی نۆزدەیەمدا خاوەنی تایبەتمەندییەکی تۆپۆگرافی و تەلارسازیی سەرنجڕاکێش بووە. ئەم ئاستە لەئاوەدانی بە بەڵگەی سالّنامەی عوسمانیی سالّی ١٨٩٤ز پشتڕاست کراوەتەوە کە ئاماژەی بەبوونی ٨٠٠ خانوو، چەندین مزگەوت و دوکان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێرشەکانی سوپای ڕووس لەسالّی ١٩١٦ز دا هۆکاری سەرەکی کاوڵبوونی ڕواندزی کۆن (کاوڵۆکان) و گواستنەوەی جێگەی شارەکە بووە.

سەبارەت بەو خانووە کەلەپوورییانەی تا ئێستا ماونەتەوە، دەردەکەوێت کە درێژەپێدەری هەمان قوتابخانەی تەلارسازیی پێشوون. بەپێچەوانەی شێوازی بیناسازی شارەکانی وەک هەولێر و کۆیە، خانووەکانی ڕواندز لەسەر شێوازی تەلاری یەک لایەنە دروستکراون. لەڕووی ڕەگەزە تەلارسازییەکانەوە تاڕادەیەک هەژارن؛ تەنیا یەک کەوانە و تاقچە تۆمار کراوە، یەکێک لەتایبەتمەندییە ناوازەکانی ئەم خانووانە، ستوونی دارینی نەخشێنراوە کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە کۆتر ناسراوە، لەگەڵ شێوازی تایبەتی ئاگردان لەنێوان کاریتەکاندا کە توانای گەرمکردنەوەی هەردوو نهۆمەکەی لەیەک کاتدا هەبووە. لەڕووی پێکهاتەوە، دیواری خانووەکان بەشێوەیەکی ئەستوور بنیاتنراون و بنمیچەکانییان بە گڵەبان داپۆشراون. لەکاتی ئێستادا، بەهۆی پشتگوێخستن و چۆڵکردنیان و هەروەها شێواندنی شێوازە ڕەسەنەکەیان لەڕێگەی کەرەستەی نوێوە، ئەم سامانە کەلەپوورییە لەلێواری لەناوچوونی یەکجارەکیدایە.

وشە کلیلییەکان: خانووی کەلەپووری، ڕواندز، کەرەستەکانی تەلارسازی، ڕەگەزەکانی تەلارسازی، بەڵگەنامە مێژووییەکان.

خۆراکی نەریتی و بونیادی ناسنامەی کەلتوریی لە ڕەواندوز

توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجیە

م.ی هێمن عزیز محمدامین – ماستەر لە کۆمەڵناسی - ئەنثرۆپۆلۆجیا

hemin.mohammedamin@univsul.edu.iq

م.ی بەختیار هادی حسن – ماستەر لە کۆمەڵناسی – ئەنثرۆپۆلۆجیا

Bakhtyar.hadi@gmail.com

پوختە: ئەم توێژینەوەیەی ئەنثرۆپۆلۆجییە بەدواداچوون دەکات بە مەبەستی شیکردنەوەی ڕۆڵی خۆراکی نەریتی لە بەردەوامی، بەرهەمهێنانەوە و دەربڕینی ناسنامەی کەلتوری لە کۆمەلگەی ڕەواندوزدا. بە تایبەتی بەدواداچوون دەکات کە خۆراکی نەریتی چۆن لە ژیانی ڕۆژانە، بۆنە، ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکاندا مانای کەلتوری بەدەست دەهێنێت، چۆن زانیاری و لێهاتوییەکانی چێشتلێنان لە نێوان نەوەکاندا دەگوازرێنەوە و چۆن خۆراک پەیوەندی دەبەستێت بە کۆیادەوەریی بەکۆمەڵ و ناسنامەی کەلتوریەوە. لە ڕێگەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە خۆراکی نەریتی لە ڕەواندوز چۆن بەشداری لە بەردەوامی و بەرهەمهێنانەوە و دەربڕینی ناسنامەی کەلتوری و کۆیادەوەریی بە کۆمەڵ دەکات؟ توانای خۆراکی نەریتی بۆ پاراستنی ڕۆڵی خۆی وەک کۆگایەکی یادەوەری بەکۆمەڵ و جیاوازی کەلتوریی کۆمەڵگەی ناوخۆیی ئەم ناوچەیە؟ لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی ئەنثرۆپۆلۆجیای کەلتوری و ئەنثرۆپۆلۆجیای خۆراک و میتۆدی مەیدانیی وەسفی . شیکاری دەبەستێت. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، چاوپێکەوتنی نیوە-ڕێکخراوە لەگەڵ ١٥ بەشداربوو ئەنجام دراوە کە پێکهاتوون لە ٣ پیاوی بەتەمەن، ٥ ژنی بەتەمەن، ٣ ژنی گەنج و ٤ پیاوی گەنج. بابەتە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتن بریتین لە میژووی خۆراکی نەریتی، شێوازی فێربوون و گواستنەوەی زانیاریی خۆراکییەکان، ڕۆڵی خێزان، مانای کەلتوریی خواردن، ڕێوڕەسم و بۆنەکان، میوانداری و کاریگەریی گۆڕانکاریی مۆدێرنەکان لەسەر پراکتیزە خۆراکییەکان. لە گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە نیشانی دەدەن کە خۆراکی نەریتی لە ڕەواندوز تەنیا پەیوەندیدار بە پێداویستییەکانی خواردن نییە، بەڵکو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە مانای خۆی وەردەگرێت. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی خواردن، بەشداری لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکان، میوانداری و گواستنەوەی زانیاریەکانی چێشتلێنان لە نێوان نەوەکاندا، هەموویان بەشێک لە پرۆسەی بەردەوامکردنەوەی پراکتیزە و یادەوەریە کەلتوریەکانن. هەروەها، کۆیادەوەریەکان بە تایبەتی بۆن و تام، لە دروستکردنەوەی یادەوەریە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەستکردنی تاک بە ئەزمونە کەلتوریەکانی ڕابردوو ڕۆڵ دەبینن.توێژینەوەکە لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە خۆراکی نەریتی دەتوانێت وەک پراکتیزەیەکی کەلتوری لە بەردەوامی و دەربڕینی ناسنامەی کەلتوری و گواستنەوەی زانیاری و کۆیادەوەری لە نێوان نەوەکاندا بەشدار بێت؛ لە هەمان کاتدا، گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە هاوچەرخەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازی پراکتیزەکردن و گواستنەوەی ئەم میراتە خۆراکییە هەیە

کلیلە ووشەکان: ئەنثرۆپۆلۆجیای خۆراک، شوناسی کەلتوریی، خواردنی نەریتی، کۆیادەوەری ، ڕەواندوز.

دور الظواهر الجيومورفولوجية في تنمية السياحية في قضاء رواندز

(دراسة في الجيومورفولوجيا التطبيقية)

د. هيمن نصرالدين محمدامين
جامعة گرميان/ كلية التربية/ قسم الجغرافية
hemin.nasraldin@garmian.edu.krd

ملخص: أُجريت هذه الدراسة في مجال الجيومورفولوجيا التطبيقية، حيث خاضت بالتحليل الظواهر الجيومورفولوجية الجاذبة في قضاء رواندز وبيان دورها في التنمية السياحية. يقع قضاء رواندز في شمال شرق إقليم كوردستان ضمن منطقة الجبال البسيطة في المنطقة الجبلية، ويتبع إدارياً لإدارة سوران المستقلة ضمن محافظة أربيل، يحدّه من الشمال قضاء سوران المركز، ومن الشرق قضاء چومان، ومن الجنوب قضاءَي پشدر ورانية التابعان لإدارة راپرين، بينما يحدّه من الغرب قضاء خليفان. وتهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على الظواهر الجيومورفولوجية الجاذبة في قضاء رواندز، وعرض إمكانياتها ودورها في تنمية النشاط السياحي في المنطقة، وذلك بهدف إيجاد سُبل لتنمية القطاع السياحي وتحقيق التنمية المستدامة له. وفي ضوء هذا الهدف، قُسّمت الدراسة على مبحثين رئيسين، وهما: (الخصائص الجيومورفولوجية لقضاء رواندز والعوامل المؤثرة فيها، والظواهر الجيومورفولوجية السياحية في قضاء رواندز ودورها في التنمية السياحية). وقد توصلت الدراسة إلى أنّ قضاء رواندز يتميز بوفرة ظواهره جيومورفولوجية معقدة وجّذابة، نَشِأت وتطورت بفعل التفاعل المشترك بين العوامل الداخلية والخارجية، وتُستغل جميع الظواهر الجيومورفولوجية في قضاء رواندز كالجبال، والأودية والأنهار، والظواهر الكارستية، والشلالات في الأنشطة السياحية، وتتمتع بإمكانية عالية لاستقطاب السّياح، وترتبط المناطق السياحية والمصايف البارزة في قضاء رواندز ارتباطاً وثيقاً بالظواهر الجيومورفولوجية، مما يؤكد أن للظواهر الجيومورفولوجية في القضاء دوراً بارزاً في تنمية السياحية في المنطقة.

الكلمات المفتاحية: الظواهر الجيومورفولوجية، التنمية السياحية، قضاء رواندز، العوامل الداخلية والخارجية.

دیالۆگ لە دەربڕینی زمانییدا، گۆڤاری (زاری کرمانجی) بە نموونە

پ. ی .د. ئاسۆ عبدالرحمن کریم

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەڵاحەددین

aso.baban@su.edu.krd

م.اسماعیل حسن احمد

smael.ahmed@su.edu.krd

م.بختبار بایز رسول، وەزارەتی پەروەردە

bakhtyarbaiz@gmail.com

پوختە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «**دیالۆگ لە دەربڕینی زمانییدا، گۆڤاری (زاری کرمانجی) بە نموونە**»،یە، بواری زمانەوانی ناونیشانەکە، دیالۆگ وەك بنەڕەتیی دەربڕینی زمانی و پڕۆسەیەکی کارلێککردنیی کۆمەڵایەتی دەخوێنێتەوە، نەک تەنیا وەک ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان دوو لایەندا، پشت بە تیۆری زمانەوانی کارلێککردن (Interactional Linguistics) دەبەستێت، لەلایەن کوپەر-کۆلین و سێلتینگەوە دامەزراوە، لەسەر ئەو بنەمایە لەم دەربرینە زمانییە دەکۆڵیتەوە و زمان لە کارلێککردنی ڕاستەوخۆدا شێوەی پێدەدرێت. ئامانجی توێژینەوەکە ڕوونکردنەوەی چەمکی دیالۆگە لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، تایبەتمەندییەکانی و بنەماکانی تیۆرەکەیە لەسەر دەقی **گۆڤاری (زاری کرمانجی)**.

لە ڕووی میتۆدەوە ڕێبازی پەسنی- شیکاری بۆ ئێستای زمانی کوردی بەکارهێنراوە، بە پشتبەست بە داتاکان لە حەوت دیالۆگی هەڵبژێردراوی ژمارەکانی (١–١٥)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی) کۆکراونەتەوە، کە لە مێژووی سەردەمی گۆڤارەگە خۆی دەبینیتەوە، بەپێی چوار بنەمای تیۆرەکە شیکراونەتەوە: ڕێکخستنی نۆرەی گفتوگۆ، دیزاینی وەرگر، ناونیشانکاری، پێکهێنانی کردە و هاوبەشی لە دروستکردنی واتادا.

ئەنجامەکان دەریدەخەن، دەربڕینی زمانی دیالۆگ لە نۆرەی گفتوگۆی ئاشتییانەدا ڕێکوپێک دەپارێزرێت، بەڵام لە کاتی ململانێدا ڕێسای نۆرەدان دەشکێت، ناونیشانکاری پلەبەندی و دەسەڵات و خۆشەویستی دەردەخات، هاوبەشیی واتا لە زۆربەی نموونەکاندا سەرکەوتووە. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دیالۆگی کوردی ڕێگایەکی کارلێککردنیی کۆمەڵایەتییە بۆ دەربڕینی پلەبەندی ناسنامەی، نەک تەنیا ئامرازێکی ڕەهای گەیاندنی زانیارییە.

کلیلەوشەکان: دیالۆگ، دەربڕینی زمانی، زمانەوانی کارلێککردن، ڕێکخستنی نۆرەی گفتوگۆ، هاوبەشی لە دروستکردنی واتا.

ڕەنگدانەوەی ڕۆڵ و پێگەی میر محەمەدی سۆران لە دەقە شیعرییەکانی (کورتەی بەسەرهاتی میری ڕەواندز)ی قانع و (پاشای کۆرە)ی عەبدولڕەزاق بیماردا

شەیدا باسم عبدالله

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Shaida.basim@koyauniversity.org

پوختە: (قانع) و (عەبدولڕەزاق بیمار) وەکو دوو شاعیری نەتەوەیی و ڕۆشنبیر. لەنێو بازنەی ئەدەبی کوردیدا گرنگییان بە چەندین بابەتی جۆراوجۆر داوە، لەوانە بابەتی: (کۆمەڵایەتی، مێژوو، سیاسی ...تاد). هەوڵیانداوە ئەزموونی شیعرییان لەپێناو خزمەتکردنی ئەدەب و خوێنەری کوردیدا بێت. بەتایبەت لە نیوەی دووەمی تەمەنی ئەدەبی و فیکری خۆیاندا ئاوڕیان لە بەشێك لە ڕووداوەکانی مێژوو داوەتەوە. لەوانە مێژووی میرنشینی سۆران و سەردەمی فەرمانڕەوایێتی میر محەمەددا. تیشکیان خستۆتە سەر چەند خاڵێکی گرنگ، لەوانە: (ڕۆڵ و پێگەی میر محەمەد لە ڕووی فەرمانڕەواییکردن و بەڕێوەبردنی میرنشینی سۆران)، لە هەمانکاتدا چۆنیەتی فروانکردنی سنووری جوگرافیی میرنیشین و گرنگترین ئەو چاکسازیانەی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنیدا ئەنجامیداوە.

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی ڕەخنەی مێژووپی دەبەستێت، بۆ شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی (کورتەی بەسەرهاتی میری ڕەواندز)ی قانع و (پاشای کۆرە)ی عەبدولڕەزاق بیماردا. دیارە هەر دوو شاعیر سەر بە دوو سەردەم و قۆناغی ئەدەبیی جیاوازن، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر کەسایەتی مێژووپی (میر محەمەدی سۆران) ناسراو بە (پاشا کۆرە)، لە دیدی دوو شاعیری دیاری کوردەوە. ئامانج لێی دەرخستنی ئەو وێنە ئەدەبییە و مێژوورییەیە، کە ئەم دوو شاعیرە بۆ میر محەمەد کێشاویانە، چۆن توانراوە ڕووداوە سیاسییەکان و ڕۆڵ و پێگەی فەرمانڕەوایی میر محەمەد بکرێنە کەرەستەی شیعری.

کلیلە وشەکان: (شیعر، قانع، عەبدولڕەزاق بیمار، مێژووی میرنشینی سۆران، میر محەمەد).

ڕواندز لە ڕوانگەی ئێدمۆند ڕۆنالد لیچ

شیکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ کتێبی "ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردەکانی ڕواندز/ ١٩٤٠"

د. دلزار صالح صادق، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
dlzar.sadiq@su.edu.krd
موسی محمد خضر، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
musa.khidir@su.edu.krd

پوختە: ئەم توێژینەوەیە، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ کتێبە کلاسیکەکەی مرۆڤناسی ناودار ئێدمۆند ڕۆنالد لیچ (E. R. Leach)، کە بە ناونیشانی (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردەکانی ڕواندز) لە ساڵی ١٩٤٠ لە لەندەن بڵاو کراوەتەوە. لیچ کتێبەکەی لەسەر بنەمای کارێکی مەیدانیی کورتخایەنی پێنج هەفتەیی، بۆ ناوچەی ڕواندز، نوسیوە؛ کەمکورپەکە، خۆشی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دانی پێدا ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرهەمە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا، بە بەرهەمێکی ڕەگەز و نوێ دادەنرا، چونکە یەکەم هەوڵی زانستی سیستەماتیکانە بوو بۆ تۆماری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد، بووە سەرچاوەیەکی سەرەکیی توێژەرانی دواتر. ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی وەک هەوڵەکانی لیچ بۆ ڕێکردنەوەی بۆشایی زانیارییەکان و تۆماری وردی هەندێک دابونەریتی کورد دەکاتەوە. هەرچەندە کتێبەکە لەڕووی تیۆرییەوە کاریگەریی زۆری هەبووە، بەڵام بەهۆی کورتیی ماوەی توێژینەوە مەیدانییەکە، چەندین لایەنی وەک پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی، کاریگەرییە دەرەکییەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنانی کورد تێیدا تەواو پشتگوێ خراون، یان سادە کراونەتەوە. توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەراوردکردنی کتێبەکە لەگەڵ بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیا، جیاوازییەکانی نێوان تێڕوانینی لیچ و تۆمارە فەرمییەکان دەخاتە ڕوو. ئەنجامەکان ڕوونی دەکەنەوە، کە هەرچەندە کتێبەکەی لیچ بەرهەمێکی گرنگە، بەڵام مێژووی ناوچەکە پێویستیی بە توێژینەوەی نوێ و چڕتر هەیە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ناوخۆیی و نادیار.

وشەکلیل: ئێدمۆند لیچ، ڕواندز، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی ئابووری، ڕەخنەی مەیدانی.

ڕۆڵ و کاریگەریی زانایانی ئایینی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ڕواندز

(١٩٨٠–١٩٨٨): توێژینەوەیەکی مێژوویی – مەیدانی

پ. ی. د. مصطفی محمد کریم
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب- بەشی مێژوو
Mustafa.karem@su.edu.krd

پ. ی. د. هاوکار کریم حمە شریف
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب- بەشی مێژوو
Hawkar.hamasharif@su.edu.krd

پوختە: ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و کاریگەریی زانایانی ئایینی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ڕواندز لە ماوەی (١٩٨٠–١٩٨٨)، قۆناغێک، کە کۆمەڵگەی ڕواندز و ناوچەکانی دەوروبەری لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتی پێپەڕیون. گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە پێگە و کاریگەریی زانایانی ئایینی لە پەروەردە و فێرکردنی ئایینی، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، ناوبژیوانی، گواستنەوەی داواکارییەکانی خەڵک و هەڵوێستە نەتەوەییەکانیان بخاتەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە، دیاریکردنی شێوە و ئاستی بەشداری و کاریگەریی زانایانی ئایینییە لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی هەندێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵگەی ڕواندز لەو قۆناغەدا.

توێژینەوەکە مێژوویی-مەیدانییە و بە ڕێبازی وەسفی-شیکاری ئەنجامدراوە، لە مێژووی زارەکی وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەڵگەکردنی ئەزموون و یادەوەرییەکانی قۆناغی توێژینەوەکە سوودوەرگیراوە. بۆ کۆکردنەوەی داتا، (١٤) چاوپێکەوتنی زارەکی لە ساڵی (٢٠٢٦) لەگەڵ زانایانی ئایینی و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدراوە، بەشداربووان شاهیدی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی قۆناغی توێژینەوەکە بوون و هەندێکیان بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە هەندێک ڕووداودا هەبووە. چاوپێکەوتنەکان لەسەر بنەمای (٢٥) پرسیاری پێشتر ئامادەکراو بەڕێوەچوون و ناوەرۆکیان بە شێوەی شیکاری و بەراوردکاری هەڵسەنگێنراوە، لەگەڵ جیاکردنەوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لێکدانەوە و بۆچوونی کەسیی بەشداربووان.

دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زانایانی ئایینی لە قۆناغی توێژینەوەدا تەنها سنووری ئەرکە ئایینییە تەقلیدییەکانیان نەبەزاندووە، بەڵکو لە هەندێک بارودۆخدا بوونەتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە بواری پەروەردە و فێرکردن، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، ناوبژیوانی و گواستنەوەی داواکارییەکانی خەڵک، هەروەها هەندێک لە زانایان ڕەهەندی نەتەوەیی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان لە وتار و هەڵوێستەکانیاندا دەربڕیوە، لە کاتێکدا مزگەوت و حوجرە لە هەندێک قۆناغدا ڕۆڵی ناوەندی کۆبوونەوە، گواستنەوەی پەیام و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان گێڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی زانایان یەکسان نەبووە و بەپێی کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی زانا، جۆری ڕووداو و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەر قۆناغێک جیاوازیی هەبووە.

له کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەریدەخات، کە زانایانی ئایینی لە ڕواندز لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠–١٩٨٨)، جگە لە ڕۆڵە ئاینییەکانیان، بە شێوەیەکی جیاواز بەشێک بوون لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەندێک لە پرۆسە و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگە و لە هەندێک بارودۆخدا ڕۆڵیان لە پەیوەندی و گواستنەوەی داواکارییەکانی نێوان کۆمەڵگە و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە.

وشە کلیلەکان :زانایانی ئایینی، ڕواندز، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، هەستی نەتەوەیی، جەنگی عێراق- ئێران.

هەڵسەنگاندنی گونجاوی شوێنی پارێزراوی سروشتی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای ڕواندز بە بەکارهێنانیGIS ، AHPوFAHP

م.ی. هەڵگورد شێخ حسین
بەشی جوگرافیای کارەکی و توێژینەوە ژینگەییەکان. فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران. هەرێمی کوردستان.
halgurd.husain@soran.edu.iq
م.ی. مستەفا یوسف محمد کەڵێتەیی
بەشی جوگرافیای کارەکی و توێژینەوە ژینگەییەکان. فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران. هەرێمی کوردستان.
mym٢٥٠h@geoa.soran.edu.iq

پوختە: ئەم توێژینەوەیە ئامانجی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی شوێنە گونجاوەکانە بۆ دروستکردنی پارێزراوی سروشتی بەمەبەستی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای ڕواندز، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سیستەمی زانیاریی جوگرافییەکان (GIS) و هەردوو مۆدێلی شیکاریی هەڕەمی (AHP) و شیکاریی هەڕەمی فازی .(FAHP) زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و فراوانبوونی شارەکان، ئارەزووی گەشتیارانی بۆ گەڕان بەدوای سروشتێکی پاک زیاد کردووە، کە ئەمەش گرنگیی پارێزراوە سروشتییەکان وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی دەرخستووە.

دەرئەنجامەکانی مۆدێلی AHP دەریانخست کە پۆلی مامناوەند گەورەترین ڕووبەری قەزاکە پێکدەهێنێت بە ڕووبەری ١٧٦,١٩ کیلومەتر دووجا (٣٣,٥٦٪)، لە دوای ئەو پۆلی گونجاو دێت بە ڕووبەری ١٦٨,٦٨ کیلومەتر دووجا (٣٢,١٣٪). هەروەها کۆی گشتی ڕووبەری شیاو (گونجاو و زۆر گونجاو) لەAHP دا دەگاتە ٢٢٣,٤٩ کیلومەتر دووجا (٤٢,٥٧٪)، لە بەرامبەردا ناوچەی ناگونجاو تەنیا ١,٥٧٪ی ڕووبەری ناوچەکەیە.

لە بەراوردکارییەکان نێوان هەردوو مۆدێلەکەدا بۆ پۆلی "زۆر گونجاو"، ڕووبەرەکە لە مۆدێلی AHPدا بریتی بوو لە ٥٤,٨١ کیلومەتر دووجا (١٠,٤٤٪)، بەڵام لە مۆدێلی FAHPدا زیادی کرد بۆ ٨٢,٧٤ کیلومەتر دووجا (١٥,٧٦٪). ئەم جیاوازییە توانای بەرزتری مۆدێلی FAHP دەردەخات لە کەمکردنەوەی ناڕوونیی بڕیارەکان و دیاریکردنی وردتری ناوچە بەپێژەکان بۆ پارێزراوی سروشتی. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە نەخشە و پێشنیاری کرداری پێشکەش دەکات بە ئامانجی پاراستنی ژینگە و بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام.

کلیلی وشەکان: گەشتوگوزار، پارێزراوی سروشتی، گەشتوگوزاری ژینگەیی، قەزای ڕواندز، AHP ، FAHP.

ڕۆڵی کەرتی گواستنەوە لە پەرەپێدانی توانستە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ڕەواندز بە بەکارهێنانی تەکنیکی (Network Analysis)

پ.د. فاطمە قادر مصطفی[١]، پ.د. ساکار محمد حسن[٢]، نەوزاد رسول محمد[٣]

١- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق.
fatma.qadr@uor.edu.krd
٢- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق.
sakar.gardi@uor.edu.krd
٣- بەشی جوگرافیا، زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق.
nawzadrasul٢٢@gmail.com

پوختەی توێژینەوە: کەرتی گواستنەوە بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ژێرخانی گەشتیاری دادەنرێت، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی ڕاکێشانی گەشتیاران و پەرەپێدانی ئابووری هەیە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی تۆڕی ڕێگاکانی قەزای ڕەواندز و ڕۆڵیان لە ئاسانکاری گەیشتن بە توانستە گەشتیارییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە (سروشتی، دەستکرد، و مێژوویی). بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، توێژینەوەکە پشت بە تەکنیکی شیکردنەوەی تۆڕەکان (Network Analysis) [*] لە چوارچێوەی سیستمی زانیاریی جوگرافییەکان (GIS) دەبەستێت.

داتاکانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی نەخشە دیجیتاڵییەکان، داتاکانی OpenStreetMap (OSM) و بەدواداچوونی مەیدانییەوە کۆکراونەتەوە. لە ڕێگەی مۆدێلەکانی (Service Area) و (Closest Facility) و (Optimized Routing)، ئاستی کارایی تۆڕی ڕێگاکان وکات و مەودای پێویست بۆ گەیشتن بە شوێنە سەرەکییەکانی وەک (گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ، چیای کۆڕەک، و جوندیان) شیکراونەتەوە. ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە سەرەڕای دەوڵەمەندی ڕەواندز بە سەرچاوەی گەشتیاری، بەڵام جۆری تۆپۆگرافیا و کەلێنەکانی تۆڕی ڕێگاکان لە هەندێک شوێندا بوونەتە کۆسپ لەبەردەم گەشەی تەواوی کەرتی گەشتوگوزاردا. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە چەندین نەخشەی پێشنیارکراو و ڕای ستراتیژی بۆ چاکسازیی تۆڕی گواستنەوە پێشکەش دەکات.

کلیلە ووشەکان: قەزای ڕەواندز، کەرتی گواستنەوە، پەرەپێدانی توانستە گەشتوگوزارییەکان، شیکردنەوەی تۆڕ (Network Analysis).

(*) (Network Analysis) تەکنیکێکی دیجیتاڵی و زانستییە (بەتایبەت لە سیستمی زانیاریی جوگرافییەکان – GIS) کە بەکاردێت بۆ پێواندن و شیکردنەوەی ئاستی کارایی تۆڕەکان (وەک تۆڕی ڕێگاوبان و هێڵەکانی گواستنەوە)، بە مەبەستی دیاریکردنی کورتترین و باشترین ڕێگا، کاتی پێویست بۆ گەیشتن، دەستنیشانکردنی شوێنە قەرەباڵغەکان، و ئاسانیی بەستنەوەی خاڵە جیاوازەکان بە یەکترەوە.

ڕۆڵی موزیک لە ناساندنی شوناس و گەشەپێدانی کەلتووری کوردی لە ڕواندزدا

پ.ی.د. سرود فؤاد محمد سەراج

زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی هونەرەجوانەکان

surwd.mohammed@su.edu.krd

پوختە: لە ناساندنی شوناس و گەشەپێدانی کەلتووری کوردی لە ڕواندزدا شیدەکاتەوە. بە پشتبەستن بە ڕێبازێکی کوالیتیتیڤی وەسفی-شیکاری، داتا لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قوواڵ لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی خاوەن ئەزموون، ڕۆشنبیر و چالاکانی بوارکە، سەرەڕای شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرهەمە موزیکییە دیارەکانی دەڤەرەکە. کە تێیدا موزیکی ڕواندز وەک بەشێک لە میراتی نەتەوەیی و شوناسی کەلتووریی ڕاستەقینە دەناسێنێت و لە ناوخۆدا دەبێتە هاندەری پتەوکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی بەردەوامی کەلتوور. ئەم توێژینەوەیە باس لە پەیوەندیی نێوان هونەری موزیک و پێکهاتەی شوناسی نەتەوەیی و کەلتووری لە شاری ڕواندزدا دەکات. ڕواندز وەک ناوەندێکی میژوویی و سیاسیی گرنگ لە کوردستاندا، هەمیشە لانکەی داهێنانە هونەرییەکان بووە. توێژینەوەکە تیشکدەخاتەسەر ئەوەی چۆن موزیک لەم ناوچەیەدا تەنها وەک ئامرازێکی کاتبەسەربردن نەماوەتەوە، بەڵکو بووەتە زمانێکی گوزارشتکردن لە میژوو، بەرگری و پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان. دەرئەنجامەکان دەریانخستووە کە موزیک لە ڕواندزدا پێگەیەکی دووانەیی هەیە: لە لایەک، پارێزەری چەمکە بنەڕەتییەکانی شوناسی کوردی وەک زمان، میژووی سترانیچڕین، داستانە قارەمانێتییەکان و دابونەریتی پەیوەست بە کۆمەڵگە و سروشتەوە؛ لە لایەکی دیکەوە، پڕۆسەی نوێگەری و ئاوێتەکردنی شێوازە هاوچەرخەکان بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی کەلتووری بە نەوەکانی ئێستا و ئایندە. هەروەها توێژینەوەکە ئاشکرای کردووە کە بوژانەوەی پێکهاتە و ئامێرە نەریتییەکانی کوردیی دەڤەرەکە، لە چوارچێوەی گرووپە موزیکییەکانی دوای پڕۆسەی بەشارستانیبووندا، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی کەلتووری و ڕاکێشانی گەشتیاری کەلتووری. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە دەستنیشانی دەکات کە موزیکی ڕواندز ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی بوارەکانی زمان و کەلتووری کوردی لە بەرانبەر هەژموونی نەتەوە جیاجیاکانی دراوسێ بە کورد.

وشە کلیلییەکان: موزیکی کوردی، شوناسی کەلتووری، ڕواندز، میراتی نەتەوەیی، گەشەپێدانی کەلتوور.

ڕەهەندە تراژیدی و لاواندنەوەکانی بەیتی لەعلی خان

پ. ی. د. مظفر مصطفى اسماعيل

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە/ بەشی زمانی کوردی

ئیمەیل: muthafar.ismahil@su.edu.krd

پوختە: فەرهەنگ و ڕەنگاوڕەنگی یەکێکە لە دەوڵەمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری. بەیتیش کۆڵەگەیەکی گرنگی ئەم ژانرانەیە، کە بە زمانێکی تێکەڵ لە شیعر و پەخشانی سەروادار لەلایەن بەیتبێژانەوە گوتراوەتەوە و بە درێژایی مێژوو لە بەرامبەر ئەو هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا، بەیت توانیویەتی خۆی ڕابگرێت و تاموچێژی خۆی هەر بمێنێت.

هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەلایەک بەیتی فۆلکلۆری کوردی توێژینەوەی تێروتەسەلی لە بارەوە ئەنجامنەدراوە، لەلایەکی تر بەیتی (لەعلی خان) یەکێکە لە بەیتە دیارەکانی ناوچەی ڕواندز لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا.

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: ئایا بەیتی لەعلی خان بۆچی بە ناوی ئافرەتەوە نراوە؟ تراژیدیای بەیتەکە هەمان تراژیدیای بەیتەکانی دیکەی فۆلکلۆری کوردییە؟ تراژیدیاکە شوناسی چی هەڵگرتووە؟

ئەو تراژیدیایەی لە بەیتی لەعلی خاندا بەرجەستە دەبێت، بە تەواوی سیمای بەیتی فۆلکلۆری لەخۆگرتووە. هەر لە ڕووداوی تراژیدی کوشتن و بێبەشکردنی دایك لە کوڕەکەی و شیوەن و لاواندنەوەی ناو بەیتەکە و یەکگرتنەوەی لەگەڵ ڕابەڵەکانی مێژووپی ئەو سەردەمەی گەلی کورد لە ناوچەکەدا.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان پشتمان بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەستووە، سەرەتا باس لە چەمك و پێناسەکانی بەیت دەکەین، دواتر چۆنیەتی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بەیتی لەعلی خان باسدەکەین، پاشان بۆچی بەیتەکە بە ناوی ئافرەتەوەیە لە کاتێکدا پاڵەوانەکە سمایل بەگی کوڕی لەعلی خانە.

وشە سەرەکییەکان: ئەدەبی فۆلکلۆری، بەیت، لەعلی خان، سمایل بەگ، تراژیدیا.

سیمبۆلی شوێن و شوناسی کولتووری لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند"ی شێرزاد حەسەندا

م. ساکار اکرم حمه صالح Sakar.akram@koyauniversity.org

پ.ی.د. ڕۆژگار محمد صابر Rozhgar.muhammed@koyauniversity.org

زانکۆی کۆیە- فاکەڵتی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی- کۆیە.

پوختە: دەرکەوتە سیمبۆلییەکانی (شوێن وشوناس) لە جیهانبینیی ئەدەبیی شێرزاد حەسەندا، بە تیشکخستنە سەر ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند). لەم ڕوانگەیەوە ڕەواندز لە مێژوودا بە پێگەیەکی ستراتیژی و وەک قەڵایەکی بەرهەڵستکاری ناسراوە، «خەرەند» لەلای نووسەر تەنیا شوێنێکی فیزیکیی ئاسایی نییە، بەڵکو دەبێتە ئەو پانتاییەی کە شوناسی نەتەوەیی و مێژوویی تێدا کۆبووەتەوە. ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە، تێپەڕاندنی تێگەیشتنی فیزیکییە بۆ شوێن و گۆڕینیەتی بۆ ئاستی سیمبۆل، تاوەکو ڕوون بکرێتەوە چۆن «خەرەند» لە ڕێگەی سیمبۆلیزمەوە دەبێتە ناوەندێکی دەوڵەمەند بۆ بەرهەمهێنان و پاراستنی شوناس و کولتوور لەناو کایە جیاوازەکانی ڕۆمانەکەدا. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی «پۆیتیکای شوێن»ی گۆستاف باشلار بەستووە، بە مەبەستی شیکردنەوەی ڕەهەندە سیمبۆلییە هەڵبژێردراوەکانی ڕەواندز لە ڕوانگەی جیهانبینیی نووسەرەوە. ئەنجامە پێشوەختەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە ڕۆمانەکە ووێنەیەکی شوێن لە ڕەهەندە فیزیکییەکەیەوە بگۆڕێت بۆ ئاستێکی ئیستاتیکی و سیمبۆلی قوواڵی ئەدەبی، کە تێیدا مێژوو و شوناسی کولتووری ئاوێتەی یەکتر دەکات. هەروەها دەرکەوتووە کە ڕەهەندی سیمبۆلە کولتوورییەکانی شوێن، بەربڵاوتر و قوواڵتر لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

وشەگەلی سەرەکی: سیمبۆل، شوێن، شوناسی کولتووری، ڕەواندز، تەمی سەر خەرەند.

شاری ڕەواندز لە ئەدەبی کوردیدا، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی شارەوە

پ.د.محەمەد ئەحمەد حەسەن

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Mohammed.hasan@su.edu.krd

پوختە: هەر کاتێک ناوی ڕەواندز دێت، وشەی شاری لەگەڵدا بەکاردێت، هەرچەندە بە شێوەی فەرمی قەزایە، بەڵام لە ئاخاوتن و نووسیندا بەردەوام وشەی شاری لەگەڵدا دێت. ئەمەش دیارە لەخۆڕا نییە. هەرچەندە ڕەنگە لێرەدا شار واتای تەواوەتی مۆدێرنەکەی نەبێت، بەڵام کۆمەڵێک بەڵگە هەن، کە دەیسەلمێنن، ڕەواندز تایبەتمەندی شاری تێدا هەبووە. ئەم شارە؛ لە سەردەمانێکی زوو پایتەختی میرنشینی سۆران بووە، دیارە پایتەختیش جودا لەوەی ناوەندی بڕیاری سیاسییە، لە ڕووی کولتووری و ئابووری و هونەرییشەوە وەک ناوەندێک خۆی نمایش دەکات. لە سەردەمی پاشای گەورە لە دیوەخانەکەی میر محەمەد جودا لە پێگەی سیاسی خۆی، دیوەخانەکەی شوێنی پێشکەشکردنی هونەری ڕەسەن بووە لە ڕێی گێرانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکان بەشێوەی حیکایەت و حەیران و لاوک، کە لەلایەن دەنگبێژانی لێهاتووی ئەو سەردەمە بەتایبەتی لە شەوان دا پێشکەش بە ئامادەبووان دەکران. لە ڕووی ڕۆژنامەگەریشەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٣٢ ناوەندێکی گرنگی ڕۆژنامەگەری کوردی بووە و چاپخانەی لێ بووە.

توێژینەوەکەمان هەوڵێکە بۆ وردبوونەوە لە ڕەهەندە مێژووییو و کولتووریەکانی شاری ڕەواندز، بۆ ئەمەش ویستوومانە لە ڕێی دەقی ئەدەبییەوە ئەم کارە بە ئەنجام بدەین. بەردەوام دەقی ئەدەبی بە گشتی زەمینە و مەیدانێکی زۆر گرنگە بۆ توێژینەوەی کولتووری و مێژووییو. بۆ ئەم کارە کۆمەڵێکی دەقی ئەدەبیمان وەک لایەنی پراکتیکی سوود لێوەرگرتووە.

ئامانجی توێژینەوەکەمان ئەوەیە کار لەبارەی ئەوە بکەین، کە چۆن دەقی ئەدەبی مامەڵەیان لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکاندا کردووە و چۆن دەتوانین مێژوو و کولتووری ڕەواندز لە ڕێی دەقی ئەدەبییەوە ئاشکرا بکەین. بەمەیش دەتوانین کولتوور: زمان، ئایین، بازاڕ، جلوبەرگ و ژیانی ڕۆژانە و مێژووی میرنشینی سۆران و شارەکە لە ڕێی ئەم ڕۆمانەوە بدۆزینەوە و توێژینەوەی لەبارەوە بکەین.

لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە توێژینەوەکەمان پەنا بۆ هەردوو مێتۆدی شیکاری (Analytical) و چۆنایەتی (Qualitative) بردراوە، کە تێیدا شیکردنەوە بۆ هێندێک بەڵگەنامەی مێژووییو و دەقی ئەدەبی دەکرێت، و لە ڕووی جۆراتیشەوە بەراوردکردنی دەقەکانە لەگەڵ سەرچاوە مێژووییو و کولتووریەکان.

له کۆتاییدا گریمانەی ئەوە دەکەین بگەینە چەند ئەنجامێک لەوانە: دەقە ئەدەبییەکان دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناسینی گەلێک لایەنی کورد و کولتوورەکەی بە گشتی و شاری ڕەواندز بەتایبەتی، کەواتە دەقی ئەدەبی تەنیا بەرهەمێکی ئەدەبی نییە. لە ڕێی دەرخستنی ڕەهەندی کولتوور و مێژووەوە ئەوە دەسەلمێنین کە ڕەواندز شارە و سیمای شاری هەیە.

کلیلەوشە: ڕەواندز، کۆمەڵناسیی شار، شار، فرەئاییینی، ژن.

گوتاری ستێگمای کەلتووری لە (ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری۲)دا

پ. د. هەڵمەت بایز ڕەسول

بەشێ کوردی/ فاکەڵتیی ئاداب/زانکۆی سۆران

halmat.rasool@soran.edu.iq

پوختە: یەکە زمانی و دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکان لەچوارچێوەی دەستەواژەی ڕێزمانی و فەرهەنگی بەتەنها ڕاڤە ناکرێن، بەڵکوو هەمیشە گوتارێک ئامادەیە، ئەو گوتارە لە زۆر ڕەهەندی تیۆرییەوە شیاوی گفتوگۆکردنە، بەتایبەتی زمانی ئیدیۆم لە هەندێک باردا بەرهەمهێنەری ستێگمایە. ئیدیۆم نموونەیەکە لەو یەکە دەلالی و کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییانەی سەربەخۆ نین و وەک پێکهاتەیەکی گوتاری ئامادەییان هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (گوتاری ستێگمای کەلتووری لە "ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری"دا) لە ڕوانگەی گوتاری فۆکۆ و هابیتۆس و تۆندوتیژی هێمایی بۆردیۆ بە پارادایمی تەفسیری و ڕەخنەیی بەکاربراوە. لە سنوور چوارچێوەی چەند ئیدیۆمێکی بژاردە، کە زیاتر پلەی کۆمەڵایەتی و جێندەری و خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتەوە.

گرنگیی توێژینەوە دەرخستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و زمان لە ئیدیۆمدا، کە زۆر بەرجەستەکراوە، بەتایبەتی هەر سەردەمێک گوتارێکی تایبەتە، بۆیە ئیدیۆم وەک ستێگما لەو توێژینەوەیەدا ئەو گوتارانەی کەشف کردووە، کە مەعریفەیەک بەرهەم دەهێن و دەسەڵاتێکیان لە پشتە. لە ڕێی گوتاری جیاوازی و کەمکردن و چینایەتی و تێکشکاندنی ناسنامەی گوتاری ستێگمای ژن و کەمئەندام و گوندی وەک دیوێکی نەرێنی ئیدیۆم خراونەتەڕوو.

وشەکلیلییەکان: فۆکۆ، گوتار، ستێگما، ئیدیۆم، ڕواندز، کەلتوور، بۆردیۆ، تۆندوتیژی، هێما.

---

۲ وەرگیراوی دەستەواژەی (ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری) کتێبێکی چاپکراوی کۆکراوەی ئیدۆمی ڕواندز دەوروبەری ڕواندزە: (د. هەڵمەت بایز و م. ڕێبوار عەبدوڵا و م. هێمن ڕەقیب، ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری، بەرگی یەکەم، چاپی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران، ۲۰۲۰)، مەبەستی ئێمە لە لایەک نموونەی ئیدیۆمی ناو کتێبەکەن و لەلایەکی دیکەش مەبەستمان شوێنی وەرگیراوی توێژینەوەیە. نموونەی وەرگیراوی ئیدیۆمەکانی توێژینەوەکە پاڵپشتە بە بەرگی یەکەمی چاپکراوەوەکە و بەرگی دووەم (چاپ نەکراوە)، توێژەریش یەکێکە لە ئامادەکارانی کتێبەکە.

گەشتوگوزاری کەلتوری (دەرفەت و ئاستەنگەکانی گەشتوگوزارسازیی شوێنەوار و کەلەپوری قەزای ڕواندز)

د. وەفا تاهیر محەمەد
زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی شوێنەوار
Wafa.mohamad@univsul.edu.iq
م.ی. سارا ولفەتاح مەحمود
زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی شوێنەوار
sara.mahmood@univsul.edu.iq

پوختە: ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵ و توانای گەشەپێدانی گەشتوگوزار، بە تایبەتی گەشتوگوزاری مێژوویی و شوێنەواری، وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ پێشخستنی گەشەپێدانی ناوخۆیی لە هەموو ڕەهەندە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ژینگەییەکانی دەکۆڵێتەوە. لە پەرەسەندنی تێڕوانینی گەشەپێدانی هاوچەرخدا، گەشتوگوزار تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بووەتە بوارێکی فرەڕەهەند کە توانای دروستکردنی دەرفەتی ئابووری، بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، پاراستنی میراتی کەلتوری و بەشداری لە بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە ناوخۆییەکاندا هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، گەشتوگوزاری مێژوویی و شوێنەواری، بەشێکی تایبەت و گرنگی گەشەپێدانی بەردەوامن، چونکە دەتوانێت بەها ئابوورییەکانیش دروست بکات و بەشداری لە پاراستن، ناساندن و گواستنەوەی میراتی کەلتوریدا بکات.

بە پشتبەستن بە ڕێبازە هاوچەرخەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، ئەم توێژینەوەیە قەزای ڕواندز وەک سیستەمێکی یەکگرتوو و فرەڕەهەندی گەشتوگوزاری دەبینێت، کە تێیدا پڕۆسە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ژینگەییەکان بە شێوەیەکی نزیک و پێکەوەبەستراو، کاریگەریی لەسەر یەکتر هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، گەشتوگوزاری مێژوویی نابێت تەنیا وەک میکانیزمێک بۆ دروستکردنی داهات یان ڕاکێشانی گەشتیار تێبگەین، بەڵکو دەبێت وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی کەلتوری ناوخۆیی، پاراستنی میراتی مێژوویی، فرەکردنی دەرفەتەکانی ژیان و بەهێزکردنی بنەماکانی گەشەپێدانی بەردەوامی ناوخۆیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هەروەها، توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە قەزای ڕواندز، بەهۆی بوونی سەرچاوە مێژوویی، شوێنەواری، سروشتی و کەلتوریی جۆراوجۆرەکانی، توانایەکی ستراتیژیی بەرچاوی هەیە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری مێژوویی و کەلتوری لە هەرێمی کوردستان. بوونی ئەم سەرچاوە جۆراوجۆرانە لە تەنیشت یەکتر، پرۆفایلی گەشتوگوزارییەکی تایبەتی و جیاواز بۆ قەزاکە دروست دەکات و مەرجی گونجاو بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لە چوار وەرزی ساڵدا دابین دەکات. گەشەپێدان و بەڕێوەبردنی بەردەوامی ئەم سامانە گەشتوگوزارییانە، دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو بە کاراکردنی چالاکییە ئابووریی ناوخۆییەکان، فراوانکردنی دەرفەتەکانی کار، زیادکردنی داهاتی تاکەکان و ناوخۆیی، پشتگیریکردنی بواڕە ئابووریی پەیوەندیدارەکان و بەهێزکردنی پاراستن و بەهادارکردنی میراتی کەلتوری یارمەتی بدات.

لەبەرئەوە، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گەشەپێدانی گەشتوگوزاری مێژوویی و شوێنەواری لە ڕواندز نابێت وەک چالاکییەکی جیاواز و سەربەخۆی گەشتوگوزاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک بەشێکی سەرەکیی ستراتیژییەکی فراوانتری گەشەپێدانی ناوخۆیی پێناسە بکرێت. ئەم ڕوانگەیە پێویستی بە یەکخستنی پاراستنی میرات، پلاندانانی گەشتوگوزاری، بەشداریی کۆمەڵگەی ناوخۆیی، بەردەوامی ژینگەیی و گەشەپێدانی ئابووری هەیە، تا بتوانرێت سامانە مێژوویی و سروشتییەکانی ڕواندز بگۆڕدرێن بۆ سەرچاوەیەکی بەردەوامی گەشە و خۆشگوزەرانی ناوخۆیی، لەگەڵ پاراستنی مانای کەلتوری و مێژوویان بۆ نەوەکانی داهاتوو.

وشەکلیل: گەشتوگوزاری مێژوویی، گەشتوگوزاری شوێنەواری، گەشتوگوزاری کەلتوری، میراتی کەلتوری، قەزای ڕواندز، گەشەپێدانی ناوخۆیی، گەشەپێدانی بەردەوام.

ڕواندز لە مێژوو و یادەوەریی نەتەوەیی: ڕۆڵی میرنشینی سۆران و حوسێن حوزنی موکریانی لە دروستکردنی ناسنامەی هاوبەش

م.ی. ڕؤوف تحسین جبار م.ی. ریباز لقمان رشاد

بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب -زانکۆی سەڵاحەددین

raoof.jabbar@su.edu.krd rebaz.rashad@su.edu.krd

پوختە: توێژینەوەکە لە گۆڕینی ئینتیمای لۆکاڵی بۆ یادەوەریی نەتەوەیی دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی لەڕێگەی مێژووی میرنشینی سۆران (پڕۆژە سیاسی، کارگێڕی و سەربازی سەردەمی میر محەمەدی ڕواندزی) و حوسێن حوزنی موکریانی. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە مێژوو و شوێنەوارەکانی ڕواندز تەنها ڕووداوی ڕابردوو نین، بەڵکو دەتوانن ببنە بنەمای دروستکردنی ناسنامەی هاوبەش، هۆشیاریی نەتەوەیی و سەرمایەگوزاریی کەلتووری و گەشتیاری.ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە ڕوونبکاتەوە چۆن دەقی مێژوویی، چاپەمەنی، یادەوەریی کۆمەڵایەتی و پاشماوە شوێنەواریەکان، دەتوانن لە ئینتیمای ناوخۆییەوە بەرەو ناسنامەیەکی نەتەوەیی بگوازنەوە.لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی . شیکاری بەکارهێنراوە و پشت بە شیکردنەوەی دەقی سەرچاوە مێژووییەکان، گۆڤاری زاری کرمانجی، بەڵگە چاپکراوەکان و زانیاریی پەیوەندیدارەکان بە شوێنەوار و گەشتیاری بەستووە.ئەنجامەکان نیشاندەدەن پڕۆژە سیاسی و سەربازییەکانی میر محەمەد، لەگەڵ یەکخستنی جوگرافیا و ئابووری، بنەمایەکی گرنگیان بۆ دروستکردنی هەستی هاوبەش داناوە. هەروەها کارەکانی حوزنی موکریانی و گۆڤاری زاری کرمانجی مێژوویان کردووەتە ئامرازێک بۆ ساڕێژکردنی بریتی دەروونی، بەرزکردنەوەی هۆشیاری و پاراستنی یادەوەریی نەتەوەیی. پێشنیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی، وەک هۆلۆگرام و مۆدێلی سێڕەهەندی، دەتوانێت بۆشاییی لەناوچوونی شوێنەوارەکان پڕ بکاتەوە.

وشە سەرەکییەکان: ڕواندز، یادەوەریی نەتەوەیی، میرنشینی سۆران، سەرمایەگوزاریی کەلتووری، مۆزەخانەی دیجیتاڵی.

نواندنی نەخشەیی بۆ توانستە گەشتوگوزارییەکانی نشینگە دێهاتییەکان و ڕۆلیان لە پەرەپێدانی قەزای ڕواندز

پ.ی.د.پشتیوان شفیق احمد، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی ڕاپەڕین.

pshtiwan.shafeeq@uor.edu.krd

م.ی. شوان صالح عزیز، وەزارەتی پەروەردە

shwan.dargalay۸۷@gmail.com

پوختە: توێژینەوە لەسەر گەشتوگوزار و بەستنەوەی ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی لە بورای پەرەپێدان، لە ئێستادا پانتاییەکی فراوانی ناو توێژینەوە جوگرافییەکانی داگیرکردوە، بەهۆی ئەوەی فرە خوێندنەوە لە بواری ئەم سێکتەرە تادێت زیاتر دەبێت. ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەڵسەنگاندن وخستنەڕوویەکی کورت بۆ نواندنی نەخشەی توانستە گەشتوگوزارییەکانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای ڕواندز و ڕۆلیان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ناوچەکە، بە پشتبەستن بە داتای جوگرافی، تۆپۆگرافی، ئاو، ڕووپۆشی ڕووەکی، شوێنە مێژوویەکان و پێکهاتەی دیموگرافی گوندنشینان. توێژینەوەکە مۆدێلی شیکاریی (SWOT) بەکاردەهێنێت، بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز، لاواز، دەرفەت و مەترسییەکانی گەشتوگوزاری گوندی و سروشتی لە ناوچەکەدا. ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە نشینگە دێهاتییەکانی ڕواندز، بەتایبەتی لە ناحیەی وەرتێ، کە ڕێژەی گوندنشینی تێیدا بەرزە، خاوەنی توانستێکی بەرز و فرەجۆرن، کە دەتوانن ببنە بنەمای گەشتوگوزاری گوندی و ژینگەیی، بەڵام کێشەی وەرزیبوون و لاوازیی ژێرخان ڕێگری لە بەرهەمهێنانی تەواوی ئەم توانستانە دەکەن. توێژینەوەکە کۆتایی بە چەند ڕاسپاردەیەک دەهێنێت، بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی گەشتوگوزاری بەردەوامی گوندەکان لە قەزاکەدا.

وشە کلیلییەکان: ڕواندز، نشینگە، نەخشەیی و گەشتوگوزار.

هەڵسەنگاندنی توانستە جوگرافییەکان بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی کشتوکاڵی لە قەزای ڕواندز

م.ی. هێڤی عبدالله عزۆ
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
hevi.abdullah١٩٩٠@gmail.com

م.ی.دیدار حمد قادر

بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان/فاکەڵتی ئاداب+زانکۆی سۆران

dhq٢٤٠h@geoa.soran.edu.iq

پوختە: قەزای ڕواندز یەکێکە لە قەزا گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی تایبەت بەخۆی هەیە، جیای دەکاتەوە لەگەڵ ناوچەکانی تر، بەهۆی هەڵکەوتەی ناوچەکە و پێگە ستراتیژیەکەی بۆتە ناوچەیەکی گرینگی ئابووری بۆ کەرتە جیاوازەکان. ئەم توێژینەوە دوو لە کەرتە جیاوازەکانی ناوچەکەی بەیەکەوە گرێداوە، بۆ پەرەپێدان و بوژانەوەی ناوچەکە، کە بریتییە لە گەشتوگوزاریی کشتوکاڵی کە بەیەك لە جۆرە گەشتوگوزارە مۆدێرنەکان هەژمار دەکرێت، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ گەشتیار بە کێڵگە و ناساندنی بەربوومە کشتوکاڵی هەر ناوچەیەك ئاشانا دەکات. ناوچەی توێژینەوە کۆمەڵە تایبتمەندێکی هەیە بۆ پلان و پەرەپێدانی ئەم جۆریان بەرهەمهێنانە گونجاوە، دواتر دەبێتە سەرچاوەی گرینگ بۆ زیادکردنی داهاتی گوندنشیان و جوتیارانی ناوچەکە. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندنی توانستە سروشتی و مرۆییەکانە بۆ پەرەپێدان بە گەشتوگوزاریی کشتوکاڵی لە قەزای ڕواندز و دەستنیشانکردنی خاڵی ئەرێنی و نەرێنی هەر توانستێک، دواتر شیکردنەوەی گرینگترین فاکتەرەکانی بەشدار بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتە. میتۆدی بەکارهاتوو بریتییە لە میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری لەگەڵ بەکارهێنانی هەریەکە لە ئامرازەکانی (Gis، Spss) لە کۆتاییدا توێژینەوەدا بە چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەك گەیشتوە لەوانە، کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەبین لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی کشتوکاڵی لە گرینگترینیان لایەنی ئابووریە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات و بەدی هێنانی هەڵی کاری نوێ لە قەزای ڕواندز. بۆیە پێشنیار وایە زیاتر گرینگی ئەمە کەرتە ئابووریە لە ڕێگای پشتگیری و هاندان و ڕێکارەکانی حکومەت بەدی دێت، بۆیە پێویستە ڕۆڵی کەرتی میری لە ڕێگای هاندان و پێدانی قەرز و پشگیری زیاتر بگاتە دانیشتوانی گوندنشیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی کشتوکاڵی.

وشە کلیلییەکان: گەشتوگوزار، کشتوکاڵ، پەرەپێدان، توانست، ڕواندز، Spss.

هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ بنەماکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار و ئایندەیان لە قەزای ڕواندز

پ.د. عومەر حسن حسین ڕواندزی

بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوەیی ژینگەییەکان/فاکەڵتی ئاداب/زانکۆی سۆران

omer.hussein@soran.edu.iq

سەنگەر محمود احمد

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان/فاکەڵتی پەروەردە/زانکۆی سۆران

sanger.ahmed@soran.edu.iq

م.ی.دیدار حمد قادر

بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوەیی ژینگەییەکان/فاکەڵتی ئاداب/زانکۆی سۆران

dhq٢٤٠h@geoa.soran.edu.iq

پوختە: مەبەست لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی بنەماکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار و ئایندەیانە لە قەزای ڕواندز، بەوپێیەی، کە گەشتوگوزار بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئابووری لە جیهاندا هەژماردەکرێت. هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی، خاوەنی چەندین تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیین، کە گرنگن و دەکرێت بۆ بوون بە ناوەندێکی گرنگی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە پەرەیان پێبدرێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزارە لە قەزای ڕواندز و دیاریکردنی ئاستی گونجاوییەتی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بەربەستەکان و دیاریکردنی ئاسۆی داهاتووی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا، کە دەکرێت لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا سودیان لێ وەربگرێت. بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوە سود لە میتۆدی وەسفی و شیکاری وەرگیراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامەی (GIS)، هەروەها سودوەرگرتن لە تەکنیکەکانی ژیری دەستکرد بۆ پیشاندانی داهاتووی ناوچە گەشتوگوزارییەکان لە قەزای ڕواندزدا.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتوە، کە **ژێرخان و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بناغەیەکی مامناوەند بۆ باشیان هەیە، بەڵام لەگەڵ قەبارەی توانستی گەشتیاری ناوچەکە هاوتا نین.** بەجۆرێک تا ساڵی(٢٠٢٥) ژمارەی شوێنەکانی حەوانەوە گەیشتووەتە (٨٨) **شوێن** بەتوانای پێشوازی لە (٢٠٣٢) **گەشتیار**، بەڵام کەمی ڕێگاوبانی باش، شوێنەکانی کاتبەسەربردن و ناساندنی گەشتیاری بەتایبەتی نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوچە گەشتیارییەکاندا، بەربەستی سەرەکیی پەرەپێدانن، بۆیە پێویستە پلانێکی گشتی و درێژخایەن دابنرێت، کە ناوچەکان بەپێی توانستی سروشتی، مێژوویی، کەلتووری و مرۆییان پۆلێن بکات و هەر ناوچەیەک بۆ جۆری گونجاوی گەشتوگوزاری دیاری بکرێت.

کلیلە ووشە: پەرەپێدان، گەشتوگوزار، هەڵسەنگاندن، قەزای ڕواندز.

هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ کێشەکانی بەردەم گەشتوگوزاری ژینگەیی وەبەرنەهێناوەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە قەزای ڕواندز

(دۆڵی ساوسێوکان و بێرمێ فەقیان بە نموونە)

م.ی. مستەفا یوسف محمد کەڵێتەیی
بەشی جوگرافیای کارەکی و تەویژینەوە ژینگەییەکان. فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران. هەرێمی کوردستان.
mym٢٥٠h@geoa.soran.edu.iq

پ.د. ئامانج ئەحمەد حمدامین دێوانە
بەشی جوگرافیای کارەکی و تەویژینەوە ژینگەییەکان. فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران. هەرێمی کوردستان.
Amanj.hammadamin@soran.edu.iq

پوختە: گەشتوگوزاری ژینگەیی یەکێکە لە بواڕە گرنگەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی توانا سروشتی و مرۆییەکان، کە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پەرەپێدانی ئابووری ناوخۆ، پاراستنی ژینگە و بەشدارپی کۆمەڵگەی ناوخۆیی هەبێت. قەزای ڕواندز، بەهۆی هەبوونی شوێنی سروشتی، دیمەنی جوان، ڕووبار و شاخەکان، هەروەها شوێنە گەشتیارییە سروشتی و مرۆییەکان، توانایەکی بەرچاوی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی هەیە؛ بەڵام بەشێک لەم توانایانە هێشتا بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو و وەبەر نەهێنراون.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ کێشەکانی بەردەم گەشتوگوزاری ژینگەیی وەبەرنەهێناوەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە قەزای ڕواندز» بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی جوگرافی تواناکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، دیاریکردنی کێشە و بەربەستەکانی بەردەم وەبەرنەهێنانی ئەو توانایانە و پێشنیارکردنی ڕێکار و ستراتیژییە گونجاوەکان بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی گەشتوگوزاری ژینگەیی ئەنجامدراوە. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی و شیکردنەوەی شوێنی، کارکردنی مەیدانی، فۆرمی ڕاپرسی و سیستەمی زانیاری جوگرافیایی (GIS) بەکار هێنراون.

ئەنجامەکان نیشانی دەدەن، کە قەزای ڕواندز توانایەکی بەرچاوی سروشتی و مرۆیی بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی هەیە، بەڵام نەبوونی پلاندانانی گشتگیر، لاوازی ژێرخانی گواستنەوە، کەمی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و لاوازی ناساندن و بەبازاڕکردنی شوێنە گەشتیارییەکان، بوونەتە بەربەستی سەرەکی بەردەم وەبەرنەهێنانی ئەو توانایانە. لە کۆی ٣٢بەشداربووی ڕاپرسییەکە، خراپی ڕێگاوبان و نەبوونی ژێرخانی گواستنەوە لەلایەن ١٨کەس، واتە ٥٦,٣٪، وەک گرنگترین کێشە هەڵسەنگێنراوە. هەروەها، ٧ بەشداربوو، واتە ٢١,٩٪، نەبوونی پلانی گشتگیر و کەمی چاودێری حکومییان بە ئاستی بەرز هەڵسەنگاندووە.

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە پێشنیار دەکات پلانی گشتگیر و درێژخایەنی گەشتوگوزاری ژینگەیی بۆ قەزای ڕواندز دابڕێژرێت، گرنگیی یەکەم بدرێت بە چاکسازیی ڕێگاوبان و ژێرخانی گواستنەوە، خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان پەرەیان پێبدرێن، شوێنە گەشتیارییە وەبەرنەهێنراوەکان بناسرێن و بەبازاڕ بکرێن، بەشداریی کۆمەڵگەی ناوخۆیی لە بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی بەهێز بکرێت، لە دۆڵی ساوسێوکان و بێرمێ فەقیانێ. ئەم ڕێکارانە دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ وەبەرهێنانی تواناکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و گەشەپێدانی بەردەوامی قەزای ڕواندز.

کلیلە وشەکان: گەشتوگوزار، گەشتوگوزاری ژینگەیی، پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، قەزای ڕواندز.

وەقف وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری لە قەزای ڕواندز: لێکۆڵینەوەیەکی مەقاسیدی و پراکتیکی

م. د. شەمال فتاح حمد

shamal.fattah@soran.edu.iq

زانکۆی سۆران، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، بەشی یاسا

پوختە: ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیی نێوان وەقف و مەقاسیدی شەریعەتی ئیسلامی ڕوونەکاتەوە، بە پاڵپشتی و بنچینەسازیی ئەم مەقاسیدانە ڕۆڵی وەقف وەک میکانیزمێک لە گەشەپێدانی گەشتیاری دەردەخات و تیشکدەخاتەسەر ئەگەری بەکاربردنی لەم بوارەدا، هەوڵدەدات نموونەیەکی پراکتیکی پێشنیازبکات، کە بریتییە لە "مۆزەخانەی وەقفی" وەک ڕێگایەک بۆ بەکارهێنانی وەقف لە ناساندن و پاراستنی میراتی ئیسلامی، هاوکات بەهێزکردنی چالاکییە گەشتیارییەکان.

قەزای ڕواندز وەک ناوچەی جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە دەستنیشانکراوە، ئەمەش بەهۆی توانای بەرزی ناوچەکە لەڕووی گەشتیاری، وەک توانستە سروشتی، مرۆیی، ئایینی و مێژوویییەکان، کە پێویستییان بە بەکاربردنی زیاتری گەشتیاری هەیە. لەڕووی میتۆدییەوە، توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری دەبەستێت، هەروەها سوود لە میتۆدی مەیدانی وەرگیراوە لە ڕێگەی ڕاپرسییەک بۆ ناساندنی بۆچوونی کۆمەڵگەی ناوچەکە لەبارەی پڕۆژەی پێشنیازکراو (مۆزەخانەی وەقفی)، هەروەها دیاریکردنی لایەنی گونجاو بۆ دروستکردنی پڕۆژەکە و شێوازی بەڕێوەبردنی و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە نیشانیدەدەن کە پڕۆژەی پێشنیازکراوی مۆزەخانەی وەقفی لە قەزای ڕواندز دەتوانێت هاوکێشەیەکی گونجاو لەنێوان مەقاسیدی شەریعەتی ئیسلامی و پێویستییەکانی گەشەپێدانی گەشتیاری دروستبکات و ببێتە هۆی بەرەوپێشبردنی ئەم بوارە، هەروەها ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە ئاستێکی بەرز دەردەخەن لە وەرگرتن و پەسەندکردنی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن کۆمەڵگەی ناوچەکە، ئەمە سەرەڕای بوونی هەندێک ئاستەنگی وەک دارایی، ئیداری، یاسایی و هۆشیاری، لە هەمان کاتدا ئەم ئاستەنگانە شیاوی چارەسەرکردنن، بۆیە توێژینەوەکە پێشنیازی جێبەجێکردنی پڕۆژە پێشنیازکراوەکە دەکات وەک نموونەیەکی گەشەپێدانی گەشتیاری لە قەزای ڕواندز.

وشە کلیلییەکان: وەقف، مەقاسیدی شەریعەتی ئیسلامی، گەشپێدانی گەشتیاری، ڕواندز، مۆزەخانەی وەقفی.

ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەتی گەشتیاریدا

(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری ڕواندز)

م. ی. خەدیجە رحمان سعدی، نوسینگەی مافی مرۆڤی سۆران

kalsumrahman@gmail.com

د. بورهان عمر محمود، سەنتەری زمان و کەلتوور، زانکۆی سلێمانی

Burhan.mahmud@univsul.edu.iq

ئەڤین قهار جلال

Avinqahar١٩٨٦@gmail.com

پوختە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەتی گەشتیاریدا: توێژینەوەیەکی مەیدانی لە شاری ڕواندز) ئەنجامدراوە، بە ئامانجی دەستنیشانکردن و تیشکخستنە سەر ئەو ئالنگارییە کۆمەڵایەتی و کولتووریانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە کاتی کارکردنیان، یان دۆزینەوەی هەڵی کار لە کەرتی گەشتیاری تایبەت لەم ناوچەیەدا.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، توێژینەوەکە میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Method) بەکارهاتووە، کە گونجاوترین ڕێگایە بۆ قووڵبوونەوە لە ئەزموون و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان. داتاکانی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی ئامرازی چاوپێکەوتنی نیوە-پێکهاتەیی (Semi-structured Interviews) لەگەڵ نمونەیەکی دیاریکراو لە ئافرەتانی پیشەکار و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە شارۆچکەی ڕواندز کۆکراونەتەوە. پاشان، سەرجەم داتا و زانیارییە کۆکراوەکان بە شێوازی شیکردنەوەی تەوەری (Thematic Analysis) پۆلین و شیکارییان بۆ کراوە، تا گرنگترین تەوەر و بەربەستەکان دەربخرێن.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە، کە سەرەڕای گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری لە ڕواندز، هێشتا ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە سنووردارکردنی بەشداریی ئافرەتان. گرنگترین ئەو ئاستەنگانەش بریتین لە: تێڕوانینی نەرێنیی بەشێک لە کۆمەڵگە بۆ کارکردنی ژنان لە شوێنە گەشتیارییەکان، باڵادەستیی دابونەریت و کولتووری پیاوسالاری، نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارێتییەکانی ناوماڵ و دەرەوە، پاشان ترس لە بێزارکردنی کۆمەڵایەتی یان نەبوونی ژینگەیەکی کاری گونجاو و پارێزراو، کە هاوتا بێت لەگەڵ تایبەتمەندێتییە کولتوورییەکانی ناوچەکە. ئەم هۆکارانە پێکەوە، بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی کارکردنی ئافرەتان و دروستبوونی جۆرێک لە دوودڵی لە لایەن خێزانەکانەوە، بۆ ڕێگەدان بە کچانیان لەم کەرتەدا.

وشە سەرەکییەکان: ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، کەرتی گەشتیاری، کارکردنی ئافرەتان، شارۆچکەی ڕواندز، دابونەریت.

پێگەی جوگرافی و پایتەختێتی لە مێژووی دێرینی ڕواندزدا

(شارە پایتەختەکانی سورا، نیشتون و ئارزەشکون وەک نموونە)

المكانة الجغرافية لرواندز أهميتها كعاصمة في التاريخ القديم

(مدن العواصم: سورا، نيشتون، وأرزاشكون - نماذج مختارة)

پ.د. دڵشاد عەزیز زاموا

(بەشی شوێنەوار- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی)

dlshad.marf@univsul.edu.iq

د. عەبدولوەهاب سولەیمان حەسەن

(بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران)

abdulwahabsh٨١@gmail.com

پوختە: لەم توێژینەوەیەدا، لە نێوان چیای "کۆڕەک" و "هەندرێن" هەرسێ شوێنی **(ڕواندز، بێشۆران** و **ئاکۆیان)**مان هەڵبژارد، بۆ گەڕان و ڕووپێوییەکی کورت؛ بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری شار، تەلار و قەڵا دێرینەکانی ژێر ئەم ئاوەدانییە کەلەپوری و نوێیانە؛ بۆ دەستخستنی "بەڵگەی پایتەختێتی" لە مێژووی درێنی ڕواندزدا.

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بەڵگە "تەلارسازی" و "شوێنەواریە" دۆزراوەکان، ساغکردنەوەی مێژوویان بە پشت بەستن بە تۆمارە مێخییەکان، بەراوردکاری بەرزی و نزمی و ڕەگەزە جوگرافییەکانی ناو ئەو تۆمارانە و ساغکردنەوەی مێژوو و شوێنی ئەو شار و قەڵا دێرینانە. ئامانج لە توێژینەوەکە گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافی و سیاسی (ڕواندز-بێشۆران-ئاکۆیانە) لە مێژووی دێرینی ناوچەکەدا.

وشە سەرەکییەکان: ڕەواندز، سورا، بێشۆران و ئاکۆیان.

ڕەهەندە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو و ناتۆرە لە کۆمەڵگەی کوردیدا

(شاری ڕەواندز وەک نموونە)

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

pakhshan.fahmi@koyauniversity.org

پوختە: ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە (Sociolinguistics) و بە تایبەتی پشت بە ڕوانگەی ناوناسیی کۆمەڵایەتی (Socio-onomastics) دەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ناتۆرەکانی شاری ڕواندز. کێشەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگە بچووکە کوردییەکاندا ناتۆرە لە تەنیشت ناوی فەرمییەوە ئەرکی ناساندن و جیاکردنەوەی تاکەکان دەگێڕێت و هەڵگری هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەپێی ئاگاداریی توێژەر، کەمتر لەسەر بنەمای داتای مەیدانیی ناوچەیەکی دیاریکراو، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی لەسەر کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە دۆکیۆمێنتکردنی ناتۆرەکانی ڕەواندز، پۆلکردنیان بەپێی بنەمای دروستبوون، شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانی و واتاییان و دەرخستنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیانە (ڕێزلێنان، جیاکردنەوە و پەراوێزخستن)، لەگەڵ سەرنجدانە ڕەهەندی جێندەر لە داتاکەدا. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە لە سێ ڕەگەز پێکدێت: ناوناسیی کۆمەڵایەتی وەک چوارچێوەی سەرەکی، تیۆریی خوازەی چەمکی (Conceptual Metaphor Theory) بۆ شیکردنەوەی ناتۆرە خوازەیی و ئاژەڵییەکان و چەمکەکانی پەڵەی کۆمەڵایەتی (Stigma)، تابۆی زمانی و دەربڕینی زبر (Dysphemism) بۆ شیکردنەوەی لایەنی هەڵسەنگاندنی ناتۆرەکان. ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی-شیکارییە؛ داتاکان لە ڕێگەی دیمانەی نیوەپێکهاتەیی لەگەڵ ٤ بەشداربووی تەمەن ٤٠ ساڵ و زیاتر لە دانیشتووانی ڕەسەنی شارەکە کۆکراونەتەوە و بریتین لە ٤٦٧ ناتۆرە (بڕوانە پاشکۆ).

ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە ناتۆرەکانی ڕەواندز زۆربەیان بە شێوەی (ناوی فەرمی + ڕەگەزی وەسفی) دروستدەبن و لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دامەزراون: تایبەتمەندیی جەستەیی، پیشە و پێگە، شوێن و ڕەچەڵەک و خوازەی ئاژەڵی؛ جگە لەمانە نازناوی پلە و پێگە (وەک حاجی، ئاغا، بەگ، ئەفەندی، مەلا)، ناوی ماڵ (ماریۆ...) و ئاماژەدان بە ناوی دایک و باوک لە داتاکەدا دەردەکەون. دووبارەبوونەوەی زۆری ناوە فەرمییەکان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەنابردن بۆ ناتۆرە. ناتۆرە جەستەییەکان زیاتر پشت بە کەمئەندامی و جیاوازیی بینراو دەبەستن و لایەنی زبر و پەڵەکردنیان بەهێزترە، لە کاتێکدا ناتۆرەی پیشەیی و جوگرافی زیاتر ئەرکی جیاکردنەوەی هاوناوەکان و دیاریکردنی پێگەی ئابووری و ڕەچەڵەک دەگێڕن. ژمارەی ئەو ژنانەی لە داتاکەدا خاوەن ناتۆرەن کەمە و ژنان زیاتر وەک خاڵی ئاماژە لە ناساندنی پیاوان و ماڵەکاندا دەردەکەون؛ ئەم ئەنجامە بەهۆی سنووری نموونەکەوە دەبێت بە وریاییەوە گشتاندن بکرێت.

کلیلە وشەکان: زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، ناوناسیی کۆمەڵایەتی، ناتۆرە، نازناو، شاری ڕەواندز، پەڵەی کۆمەڵایەتی.

ڕەوشی ئابووری ڕواندز ١٩٧٥-١٩٩١

لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی- مەیدانییە

پ.ی.د. هۆشەنگ سالح نەجار
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
hoshang.muhammad@su.edu.krd
پ.ی.د. بورهان حاتەم گۆمەتالی
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
Burhan.othman@su.edu.krd
م.ی. غەمگین عبدالله قادر
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
ghamgin.qadr@su.edu.krd

پوختە: گەشەسەندنی ڕەوشی ئابووری یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شارستانی و پێشکەوتنی میللەتانە، ڕەواندز یەکێکە لەو شارە دێرینانەی کوردستان کە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافییەکەی لەلایەک و بوونی پێگە سیاسی و سەربازییەکەی لەلایەکی دیکەوە، بووەتە ناوەندێکی گرنگی ئابووری و بازرگانی بەگشتی، دانیشتوانی ڕواندز لەمێژسالە لە پێناو باشترکردنی بژێوی ژیان، بەشێکی سەرەکی بوونە لەو پەرەسەندنە ئابووریە، بەتایبەت لە ڕووەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەی دەستی یان (پیشەسازی بچووک). ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ بە ساڵانی هەڵکشان و داکشانی ڕەوشی ئابووری ڕەواندز دادەندرێت، ئەمەش بەشێکی بۆ هەلومەرج و دۆخی سیاسی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە عێراق، بەتایبەت لە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٠) پەرەسەندێکی گەورەی بووارى ئابووری بەخۆیەوە بینی، ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بووژانەوەی باری بژێوی خەڵک لەسەرجەم شار و ناوچەکانی عێراق بەگشتی بە ڕەواندزیشەوە هەبوو، بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی (عێراق- ئێران)، دۆخی ئابووری پاشەکشەی کرد، بەڵام لە ڕەواندز تا کاریگەرییە نەرێنییەکەی کەمتر بوو، بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩١ دۆخی ئابووری بەرەو خراپی هەنگاوی ناوە. سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستانیش هەروابووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨٨ گەورەترین شەپۆڵی ڕاگواستن لە دێهاتەکانی سنووری ڕەواندز بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێر دەستی پێکرد، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی کشتوکاڵی دادەندرێت. لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی دۆخی سیاسییدا، خەڵکی ڕواندز لە چالاکی و جموجۆڵی ئابووریانەی خۆیان بەردەوام بوونە و لە بوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەگەری و بازرگانی چالاکییان نواندووە، کە هەریەک لەم بوارانە وێڕای ئەوەی ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ یش بەردەوام بووە، بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی بژێوی دانیشتوانی ناوچەکە، لە بواری کشتوکاڵییدا وێڕای کەمی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بۆ

چاندنی دانەوێڵە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە زیاتر بایەخیان بە بوارەکانی بەرهەمی باخداری، توتن و ئاژەڵداری داوە. لە بواری پیشگەرییدا، خەڵکی ناوچەکە هەمان ئەو پیشانەی کە دەیان ساڵ بوو کە خەڵکی ناوچەکە پێیوە خەریک بوون، زیندوویان کردووەتەوە، لەوانەش وەک: ئاسنگەری، دارتاشی، بەرگدروویی، لبادچی، نانبەند، سەرتاش، چایچی، کەبابچی، خانچی خۆیان هەبووە، لێبووە. لە بوارەکانی بازرگانیشدا هەردوو جۆری بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی بایەخی پێدراوە، بەتایبەت کە پێگەی ڕەواندز بۆ کاری بازرگانی لەباربووە. بەگشتی لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی نووسینی زانستی وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە.

کلیلە وشە: ڕواندز، ئابووری، کشتوکاڵ، بازرگانی، بەڵگەنامە، حکومەت.

شوناسی شاری ڕواندز له نێوان گوتاری سیاسیی عوسمانی و گوتاری وەسفیی گەڕیدە بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەدا

د.ڕێواس فتاح محمد صاڵح

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا/ سلێمانی

rewas.fatah@spu.edu.iq

پوختە: شاری ڕواندز وەک پایتەخت و ناوەندێکی گرنگی سیاسی و کارگێڕیی میرنشینی سۆران، لە مێژووی کورددا ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخی گێڕاوە. لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێت ئەو دوو گوتارە دژبەیەکە سەبارەت بە مێژووی ڕواندز بخەێتە بەرباس، لەلایەک گوتاری سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی، کە لەڕێگەی بەشێک لەو نامە و بەڵگەنامانەی لە ویلایەتەکانی بەغداد و موسڵەوە ڕەوانەی (باب العالی) کراون، کە شاری ڕواندزیان وەک ناوەندێکی "یاخیبوو" و میری ئەوکاتی ڕواندزیشیان وەک مەترسی و تێکدەر بۆ سەر ئاسایشیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وێناکردووە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە گوتاری ئەو گەڕیدە گەشتیار و دیپلۆماتکارە بیانییانەی سەردانی ڕواندزیان کردووە، یان بەشارەکەدا پێداتێپەڕبوون، شارەکەیان وەک ناوەندێکی شارستانی "پێشکەوتوو" بۆ سەردەمی خۆی وەسفکردووە، هەروەها ئاماژەیان بە سیستەمی کارگێڕی، دادەوەری، ئاسایشیی کۆمەڵایەتی کردووە. لەڕووی ئابورییەوە شارەکەیان وەک مەڵبەندێکی گرینگی ئاوەدانی لەڕووەکانی پیشەگەری، پیشەسازی و تەلارسازییەوە باسکردووە، چونکی باسی چەندین قەڵا، بازاڕ و کاروانسەرای ئەوکاتیان کردووە. لەڕێگەی ئەم توێژینەوەوە هەوڵدراوە شوناسی ڕاستەقینەی ناوچەی ڕەواندز لەسەدەی نۆزدە دەستنیشان بکرێت.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، شرۆڤەکردنی ئەو لادانە مێژوویییە، کە چۆن لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانییدا لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسییەکان شوناسی ڕواندزیان لە ناوەندێکی شارستانییەوە بۆ "ناوچەیەکی یاخیبوو"(تێکدەر) گۆڕیوە، هاوکات لەڕێگەی ئەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە دیدگای گەڕیدە بیانییەکان بۆ ڕواندز بکەین بە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ پێشکەوتووبی ڕواندز و بنەمایەکی مێژووی بۆ گێڕانەوەی شوناسی ڕاستەقینەی ڕواندز. لە توێژینەوەدا چەندین میتۆدی جیاواز بەکارهاتووە، لەکاتی کۆکردنەوەی زانیارییە مێژوویییەکان میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووبی و وەسفی بەکارهاتووە، بۆ ساغکردنەوەی زانیارییەکان شیکردنەوەی دەق، میتۆدی شیکاریی بەکارهاتووە، لەبەر جیاوازی و فرەچەشنی بۆچوونەکان، میتۆدی بەراوردکاری بەکارهاتووە. لەم توێژینەوەدا لەڕێگەی شیکردنەوەی گوتاری سیاسیی عوسمانی و گوتاری وەسفیی گەڕیدەکان زانیاری گرنگ لەسەر شوناسی سیاسی و جوگرافی و کولتووریی ڕواندز خراوەتەڕوو. کە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی بەپێز بۆ خوێندنەوەی شوناسی مێژووی ڕەواندز لە سەدەی نۆزدە سودی لێوەربگیرێت.

کلیلە وشەییەکان: (شوناس، گوتاری سیاسی ، عوسمانی، گوتاری وەسفی، گەڕیدە بیانییەکان)

دەرکەوتەی شاری ڕواندز لە ڕۆمانی "قامچی"ی کاروان عەبدوڵڵا"

(لە ڕوانگەی تیۆری دوای ڕەخنەگەرایی ڕیتا فێڵسکی)

پ. د. کارزان محسن قادر **م. ی. بڕیار خەلیل حوسێن**
زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی کوردی
karzan.qader@su.edu.krd **bryar.husein@su.edu.krd**

پوختە: لە ئەدەبی نوێدا، شوێن تەنها چوارچێوەیەکی جوگرافی نییە، کە ڕووداوەکانی ڕۆمان تێیدا ڕووبدەن، بەڵکو شوێن دەتوانێت ببێتە بەشێک لە سیستەمی واتاسازیی دەق، ببێتە هەڵگری بیرەوەری و ناسنامە، ببێتە هۆکاری پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مێژوو، هەروەها ببێتە دەقێکی کاریگەر لە سازاندنی ئەزموونی خوێنەردا. لەم ڕوانگەیەوە، شار لە ڕۆماندا تەنها پانتایی شوێنێک نییە، بەڵکو جۆرێکە لە بوون و ئامادەیی زیندووی دەق ئەدەبی کە پەیوەندی و ڕایەڵەی مرۆڤ، مێژوو، بیرەوەری، زمان، کۆمەڵگا، هەست لەخۆدەگرێت.

شاری ڕەواندز، بەهۆی مێژوو و جوگرافیا و ناسنامەی تایبەتییەوە، دەتوانێت لە دەق ڕۆماندا لە سنووری شوێنی ڕوودا و تێپەڕێت و ببێتە بوونێکی واتادار. لە ڕۆمانی "قامچی"ی "کاروان عەبدوڵڵا"دا، ئەگەر شار بە چاوێکی تەنها نەریتخوازانەی شوێناسییەوە بخوێندرێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە زۆرێک لە کاریگەری و توانستەکانی دەق بشاردرێنەوە. بۆیە پێویستە خوێندنەوەیەکی جیاواز بخرێتەڕوو، خوێندنەوەیەک کە لە دەق بپرسێت "لە پشت ئەم وێنەیەدا چ واتایەکی شاراوەی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی هەیە؟"، ئەم شارە چۆن لەگەڵ خوێنەر پەیوەندی دەسازێنێت؟ چۆن هەست و بیرەوەری دەوروووژێنێت؟ چۆن ناسینەوە دێنێتە ئاراوە؟ چۆن خوێنەر سەرنج لە وردەکارییەکانی دەدات؟ چۆن ئەزموونی شوێن دەگوازرێتەوە بۆ ئەزموونی خوێندنەوە؟

ئەم جۆرە پرسیارانە بە ڕاستەوخۆیی دەچنە ناو ئەو بواڕە تیۆرییەی کە "ڕیتا فێڵسکی" بە ناوی "Postcritique = دوای ڕەخنەگەرایی" پەرەی پێداوە. "فێڵسکی" لە پەرتووکی "*The Limits of Critique*"دا، کە لە ساڵی "٢٠١٥" بڵاوکرایەوە، ڕەخنە لە زاڵبوونی شێوازێکی خوێندنەوە دەگرێت، کە بە "هێرمۆنتیکی گومان" ناوزەندی دەکات. ئەو پێشنیاز دەکات کە خوێنەر نابێت هەمیشە لە بنج و بنەوان و وردەکارییەکانی دیوی شاراوەی دەق بگەڕێت بۆ ئەوەی ڕاز و پەنهان و نهێنییەکەی بدۆزێتەوە، لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکەی ئێمە هەوڵدەدات شاری ڕواندز لە ڕۆمانی "قامچی"دا وەک شوێنێکی جوگرافی سادە نەبینێت، بەڵکو ئەم خوێندنەوەیە دەیەوێت پیشانیبدات کە شار چۆن دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی خوێنەر؟ چۆن ڕۆمان دەتوانێت پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شوێن بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژێتەوە.

بۆیە "دوای ڕەخنەگەرایی" زیاتر هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی ئەزموونی خوێندنەوە، نەک تێکشکاندن و ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شێوازانەی خوێندنەوەی دەق کە پێشتر هەبوون. بۆیە ئەم توێژینەوەیە سەرەتا بنەما تیۆرییەکانی "دوای ڕەخنەگەرایی" ڕوون دەکاتەوە، دواتر بە پەیوەندیی نێوان شوێن و شار و دەق دەچێتە ناو جیهانی ڕۆمانی "قامچی"، لە کۆتاییدا هەوڵدەدەین شاری ڕواندز لە ڕوانگەی هزری سەرەکی "فێڵسکی"، وەک: ناسینەوە، ئەفسوونخوازیی، زانین، تاسان ی دەق بخوێنینەوە.

وشە کلیل: ڕواندز، قامچی، کاروان عەبدوڵڵا، دوای ڕەخنەگەرایی، ڕیتا فێڵسکی.

Di Nav Kevneşopî, Koçberî û Meta-bûnê de: Vekolîna Civaknasî ya Guherîna Çandî li Revanduzê

Prof. Dr. İrfan YILDIRIM, a faculty member in the Department of Social Work, Faculty of Health Sciences, Şırnak University (Türkiye). The abstract I have prepared for the conference is attached.

لە نێوان نەریت، کۆچ و متاڵاکردن: شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ گۆڕانی کەلتووری لە ڕەواندزدا

عرفان یلدریم

پوختە: ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی پرۆسەکانی گۆڕانی کەلتوورییە لە ڕاواندز (هەرێمی کوردستانی عێراق)، لەسەر بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەریتی، دینامیکەکانی کۆچ و متاڵاکردنی کەلتوور. بە تایبەتی، لەگەڵ زیادبوونی گەشتیاری و سەرمایەگوزاریی کەلتووری، ئەوەی چۆن کەلتووری ناوخۆیی دووبارە شێوە دەگرێت، کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت.

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری سەرمایەی کەلتووری (Bourdieu) و متاڵاکردن(Marx) دا، پرۆسەکانی پاراستن و گۆڕینی کەلتوور بۆ بەهای ئابووری پێکەوە دەکۆڵێتەوە. لەم ڕوانگەیەدا، ڕەواندز وەک نموونەیەکی تایبەت سەیر دەکرێت کە تێیدا پاراستنی ناسنامەی ناوخۆیی لەگەڵ هێنانی توخمە کەلتووریەکان بۆ ناو پەیوەندییەکانی بازاڕدا لە گەرمییەکی بەردەوامدایە .ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی نیتەیی (qualitative) ئەنجام دەدرێت. لە توێژینەوەکەدا پشکنینی ئەدەبیات و میتۆدی نموونەی حاڵەت (case study) بەکاردهێنرێن؛ هەروەها پێکهاتەی مێژوویی، کەلتووری و سۆسیۆ-ئابووریی ڕەواندز لە ڕێگەی زانیارییە دووەمییەکانەوە شیکدەکرێتەوە.

ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە لە ڕەواندزدا گەشتیاری و سەرمایەگوزاریی ئابووری لە لایەک پاراستنی توخمە کەلتووریەکان پشتگیری دەکەن، بەڵام لە لایەکی تر ئەوانە دەکەن بە کاڵایەکی ئابووری و دەبنە هۆی دووبارە پێناسەکردنی ناسنامەی ناوخۆیی. هەروەها، دینامیکەکانی کۆچ—بە تایبەتی لە نێو گەنجاندا—وەک فاکتەرێکی گرنگ ناسراوە کە ئەم گۆڕانانە خێراتر دەکات و ئاراستەیان دەکات. لە کۆتاییدا، پێشبینی دەکرێت کە گۆڕانی کەلتووری پرۆسەیەکی یەکلایەن نییە، بەڵکو لە نێوان پاراستن و متاڵاکردندا شێوەیەکی ئاڵۆز، چەند-قەبارەیی و دینامیکی هەیە.

وشە سەرەکییەکان: گۆڕانی کەلتووری، متاڵاکردن، سەرمایەی کەلتووری، دینامیکەکانی کۆچ، ڕەواندز.

Comparative Assessment of Atmospheric Trace Gases in Rawanduz District Using Sentinel-٥P and Google Earth Engine

Shaki Khdir Mohammed[١] **Rebeen Rostam Rasull**[١]

[1] Global Warming Research Center, General Directorate of Research Center, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

Corresponding author: rebeen.rostam@uor.edu.krd,

Email: shaki.khdir@uor.edu.krd

Abstract: Monitoring atmospheric trace gases in mountainous regions is important for understanding environmental variability, especially where ground-based air-quality stations are absent or limited. This study assessed the spatial, seasonal, and interannual variability of atmospheric trace gases in Rawanduz District, Kurdistan Region of Iraq, using Sentinel-٥P/TROPOMI satellite data. The study focused on nitrogen dioxide (NO_2), sulfur dioxide (SO_2), carbon monoxide (CO), total ozone column (O_3), and methane (CH_4) during three climatically contrasting years: ٢٠١٩ as a wet year, ٢٠٢٢ as a relatively normal year, and ٢٠٢٥ as a dry year. Sentinel-٥P outputs were generated using the GWRC Air Quality Multi-Gas Explorer Web Application of the Global Warming Research Center, University of Raparin, and were processed in ArcGIS Pro for mapping, classification, and spatial analysis.

The results showed that the selected gases had different spatial and temporal patterns across Rawanduz District. NO_2 increased by ٢٣,٤٪, from ٢,٢٢ × ١٠$^{-5}$ mol/m² in ٢٠١٩ to ٢,٧٤ × ١٠$^{-5}$ mol/m² in ٢٠٢٥. SO_2 declined by about ٦٩,٩٪, from ١,٦٥ × ١٠$^{-4}$ mol/m² in ٢٠١٩ to ٤,٩٧ × ١٠$^{-5}$ mol/m² in ٢٠٢٥, although it showed strong seasonal variability. CO remained relatively stable, ranging from ٠,٠٢٥٣ to ٠,٠٢٧٢ mol/m² across the study years. O_3 increased slightly from ٢٩٣,٠٦ DU in ٢٠١٩ to ٢٩٩,٦٣ DU in ٢٠٢٥, while CH_4 increased from ١٨٨٥,٣٢ ppb to ١٩١٣,٩٩ ppb.

Overall, the findings indicate that atmospheric trace gases in Rawanduz District vary according to gas type, season, and climatic year. Sentinel-٥P/TROPOMI data provide useful baseline information for monitoring atmospheric gases in areas where ground-based observations are absent or limited. However, the results should be interpreted as satellite-based atmospheric column indicators rather than direct ground-level concentration measurements.

Keywords: Atmospheric trace gases, Rawanduz District, Sentinel-٥P/TROPOMI, Google Earth Engine, ArcGIS Pro.